# "وازهێنان لەحزب هیچ کەسێک بەعەرشی ئەعلا ناگەیەنێ"!*

وازهێنان لەسەری مەزلومییەت و هەق بەجانبییەوە، تا ئەوەی خۆت بە مارکسیتر و کۆمۆنیستتر بوون بناسێنی، وەیان ئەوەی کە خۆت بەڕاستگۆتر و دڵسۆزتر بۆ چینی کرێکار و کۆمۆنیزم، لەچاو ئەوانەی لە حزبدا ماون لە قەڵەم بدەی، تەنانەت وا وەسفی خۆت بکەیت کە خاوەنی جیاوازیی قوڵ و لەمێژینەیت و هەڵگری ئامانجی گەورەتری،... ئەمانە ئەو ڕوخسارە هاوبەشەن کە لە نموونەکانی جیابوونەوە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا بەدی دەکرێن. بەڵام دەرکەوتوە کە هەمو ئەم حوکمانە شتێکی زیاتر نەبوون جگە لە تەقەلایەک بۆ ساغکردنەوەی مەحفەلێکی نوێ و دواتریش جێهێشتنی حزبێک کە خەتابار و شکست خواردوو و بێ نەقش و ناکۆمۆنیستی و ناکرێکارییە، کە ناکرێ چیتر کاری تێدا بکرێت. لە کەنار ئەم ڕاستییەوە ئەوەش دەبینین کە نموونەکانی ئەم جۆرە لە وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە حزب و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، دوای دووبارەبوونەوەی چەندجارە، کەچی تا ئێستا ئەلگۆیەکی سەرکەوتووتر و پێشرەوتریان لێ سەوز نەبووە، بگرە بە زیان و لێدان لە ئیعتباری کۆمۆنیزم و چەپ و پەرەدان بە پەرشوبڵاویی زیاتری ڕیزی کۆمۆنیستەکانی لێکەوتۆتەوە.

بەڵام وازهێنانی ئەم دواییانەی هاوڕێ سامان کەریم لەڕووی شێوازێکەوە کە گرتیەبەر، وە هەروەها لەڕووی پاساو و حوکم و ئیدعایەکەوە کە کردویەتی جیاوازی هەیە لەوانەی پێش خۆی. ئەو ئەگەر لە شێوەیەکی ئاساییدا ئیستقالەی بدایە و ماڵاوایی لە حزب و هاوڕێکانی بکردایە، من و هاوڕێیانی تر جگە لە ئەسەف و پێناخۆش بوون و دەربڕینی ڕێز و تەقدیر بۆ چەند ساڵ خەباتی لە ڕیزەکانی حزبدا، هەروەها هیوای سەلامەتی و ژیانێکی بەختەوەر شتێکی ترمان پێ نەبوو پێی بڵێین و بۆی بنووسین. بەڵام بەداخەوە هەم ئەو پاساوانەی کە لە نامەی دەست لە کار کێشانەوەکەیدا بەیانی کردووە و هەم بەوەی لە یەکەمین هەنگاوی دواتریدا، دەستی برد بۆ بڵاوکردنەوەی چەند تێزێک کە لە دژی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییە و گومان و ناڕۆشنی و سەرەگێژەییەکی زۆری بەناوی "مارکسیزمی هاوچەرخەوە" فڕێداوەتە مەیدانەکەوە، کە سەراپا بەدەرن لە هەقانیەت و سوننەتە کۆمۆنیستییەکان، خۆم بەناچار بینی ئەم وەڵامە بدەمەوە.

هەر لێرەدا ئەوەش بڵێم کە من و هاوڕێ سامان وەک ئەوەی ساڵانێکی زۆرمان پێکەوە لە ڕەنجکێشان و گیانفیدایی، بە هەزارویەک هیوای لێڵ و ئومێدی گەش و دەردەسەری و یادەوەری تاڵ و شیرین و سەختەوە، لەپێناو خەباتی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمدا تێپەڕاندووە، بڕیاری وازهێنانەکەی لە هەرکەس زیاتر بۆ من، نیگەرانکەر و ناخۆشترە، چونکە وازهێنانەکەی بەم هەموو مێژووە دوور و دێژەوە، بۆ من هیچ ئاگاداری و پێشینەیەکی نەبوو، تەنانەت بواری نەدا بە هیچ جەدەل و ڕاگۆڕینەوە و فرسەت پێدانێک بە یەکتر، تا ئەگەر قەناعەتی وازهێنان ڕێگایەکی دروست و کارسازە، من و هاوڕێیانێکی تر لەگەڵ خۆی شەریک کاتەوە و چیتر ڕێگا نەدات بکەوینە شوێن "پرۆژەیەکی فەشەل"ەوە و تەمەن تێپەڕێنین. بەداخەوەم کاتێک دەبینم هاوڕێ سامان لەلایەکەوە نامەی ئیستقالەکەی بەڕێزێک لە وشەی مەدح و سەنای هاوڕێکانی کۆتایی پێهێناوە، کەچی بەرپرسیارێتی بۆ ئەوە نیشان نەداوە کە هەر ئەو ئازیزانەی لە چاڵی فەشەل دەرکێشێ!! تەنانەت نە پێشتر و نە تا کۆتاڕۆژی لەناو حزبدا، بە یەک ڕستەش هیچ یەک لەو هاوڕێ ئازیزانەی کە هەندێکیان چوار دەهە زیاترە کاری لەگەڵ دەکەن، لەو هۆکار و ئەنجامەی کە پێی گەیشتووە ئاگادار نەکردوە!

### ئینشقاق لەژێر پەردەی وازهێناندا:

هاوڕێ سامان وانیشان ئەدات کە ئیستقالەی داوە، بەڵام شێوازێک کە ئەو گرتیەبەر ئینشقاقێکی مەحفەلی و بانگەوازکردنە بۆ هەڵوەشانەوەی حزب. ئەمە چۆن؟

سەرەتا ئەو بەبێ هیچ پێشینە و ئاگادارکردنەوەیەک مەکتەبی سیاسی حزبی عێراق دەخاتە موفاجەئەوە و لە کۆبوونەوەیەکدا بە زارەکی پێیان ڕادەگەیەنێ ئیستقالە لە حزب دەدات. پاشان نامەی ئیستقالەکەی دەنێرێ و دوو ڕۆژ دیاری دەکا بۆ مەکتەبی سیاسی و پێیان دەڵێت کە ئیستقالەکەی بۆ بڵاوبوونەوە نیە و لە ئاستێکی مەحدوددا بڵاوی دەکاتەوە. هاوکاتی ئەم کارە هاوڕێیان کامیل ئەحمەد و عامر ڕەسوڵ ئیستقالەیان لە حزب پێشکەش دەکەن و چەند ڕۆژێک زیاتر ناخایەنێ، هەرسێکیان گروپێکیان بە دوانزە تێزەوە ڕاگەیاند کە زۆربەیان لە دژی حزب و حوکمدانە

لەسەری. ئەمە ئەو شێوازە کۆمۆنیزمەی مارکسە کە هاوڕێ سامان مێژوویەکی ٣٠ ساڵەی خۆی بە چەند ڕۆژ لەگەڵ هاوڕێیانێکی "ئازیز وجێگای ئیفتخار"دا پێ کۆتایی هێنا! لەوەش زیاتر هاوڕێ سامان تا ئەم ساتەوەختەش ئەوەی بۆی کرابێت نامەی ئیستقالەکەی گەیاندووە بەدەستی هەرکەسێک کە ڕۆژێک دۆست و ئەندامی حزب و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بووبێت. واتە شێوازێکی گرتەبەر کە ئەو ئیستقالەکەی خۆی بدات بە هەرکەس کە بیەوێت و دەستی پێبگات بەبێ ئەوەی دەرفەت بۆ حزب هەبێت کە وەڵامەکەی خۆی بەو کەسانە بگەیەنێ کە نامەکەی ئەویان بۆ چووە. ئەم کارە کە تەواو پێچەوانەیە بە سوننەتی عەلەنی بوونی جەدەلی سیاسی و فکری، لە کاتێکدایە کە هاوڕێ سامان ئیدعای هەبوونی "جیاوازی قوڵ" و یەکجار قوڵیش دەکات لە نامەکەیدا. بەداخەوە ئەو شێوازێکی گرتەبەر کە نەک هەر ناکۆک بوو بە دەرفەتدان بە ڕۆشن بوونەوەی جیاوازییەکان، بگرە شێوەیەکی مەحفەلی نیشاندا، کە لێدان لە ئیعتباری حزبی بەدواوەبێت.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە هاوڕێ سامان لە بەرامبەر شێوازی جیابوونەوەی هاوڕێ موئەید ئەحمەددا بە دروست ڕەخنە دەگرێ و ئەوان بە "نەریتی مەحفەلی بەهێز" ناوزەد دەکات کەچی لە خراپترین حاڵەتدا دەست بۆ هەمان نەریت دەباتەوە. ئەو لە وتاری "دەبوو بمێننەوە و نەڕۆن"دا دەڵێت:

> "ناکرێت پاش ٢٠-٢٥ ساڵ ئەندام بوون نەک لە حزبدا بەڵکو لە نادی یەکدا هەرئاوا ماڵئاوایی بکەیت و لە دەرەوە و وەک هەموو کەس حزب و هاوڕێیانت ئاگادار بن کە دەستت لە کار کێشاوەتەوە. ئەمە ئاماژەیەکی مەترسیدارە، بۆ بوونی فەرهەنگ و نەریتێکی مەحفەلی بەهێز...". (هێڵی تەئکید هی منە)

لە هەمان وتاردا زیاتر دەڕوا و دەڵێت:

> "هاوڕێ موئەید دەبوایە گوێڕایەڵی داوای هاوڕێیانی بوایە لە کۆمیتە مەرکەزی و مەکتەب سیاسی و کەمێک مۆڵەتی بدایە پێیان. لەمبارەوە سەیرێکی داوای خۆی و هاوڕێیانی بکردایە لە هاوڕێ ڕێبوار کاتێک کە ئیستقالەکەی پێشکەش کرد. خواستی موئەید و هاوڕێیانی مەکتەب سیاسی و کۆمیتە مەرکەزی ئەوە بوو، کە هاوڕێ ڕێبوار عەلەنی کردنەوەی ئیستقالەکەی دوابخات. تەقریبەن یەک ساڵ دوایخست. بەڵام هاوڕێ موئەید تەنانەت بۆ یەک ڕۆژ خۆی پێ نەگیرا. بەجیا لەوە، ئەوەتەی ئەم بزووتنەوەیە شکڵی گرتووە ئەحزابی ئەم بزووتنەوەیە لە ئێران و عێراق و کوردستان هەمیشە لە سەرهەڵدانی کێشە لە حزبێکدا دەخاڵەتیان کردوە. ئەمجارە چی بوو کە مەجالیان بەمەش نەدا؟! ئەگەر بێ ئیعتمادی بە باس و پێوانە و ئیدعاکانی خۆیان نەبێت چی دیکە هەیە؟!"
>
> (هێلی تەئکید هی منە)

ئێستا ئەم دێڕانەی سەرەوە دەبێ ڕێک ڕووبەڕووی هاوڕێ سامان خۆی بکرێتەوە، کە چۆن لە وەڵامی موئەیەددا ئەو ڕەخنەیە دەگرێت کە ماوە و بواری تەواوی نەداوە تا هاوڕێیان قسەوباسی کافی لەسەر ئیستقالەکەی بکەن. تەنانەت ئەوە بخرێتەوە بەرچاوی کە بۆ وەبیرهێنانەوەی موئەیەد ئاماژە بە شێوەی ئیستقالە دانەکەی ڕێبوار ئەحمەد لە حزبی عێراق دەکات، کە چۆن لەسەر داوای هاوڕێیان (لەوانە داوای خودی هاوڕێ سامان) بۆ چەند جارێک و چەند مانگێک و سەرئەنجام، لەسەر داوای هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی ڕاگەیاندنی ئیستقالەکەی دواخستوە تا حزب ئامادەیی وەربگرێ و وەڵامی مەدروسی خۆی ئامادە بکات و ڕێکخراوەکانی حزب غافڵگیر نەبن. ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە ساڵێک بەرلەوە هۆشداری دابوو بە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کە ئەگەر وەزعەکە وابڕوا ئیستقالە دەدات، لە چەندین نامە و نوسراودا هۆکارەکانی باس کردوە. کەچی ئێستا هاوڕێ سامانێک دەبینین دەستی بردووە بۆ شێوازێک کە چەند هەنگاو لەوەی هاوڕێ موئەیەد ئەولاترە. ئەو نەک هەر ماوەیەکی کافی نەدا بە هاوڕێیانی خۆی، بەڵکو ئەوانی خستە ژێر فشاری دیاریکردنی دوو ڕۆژەوە. تەنانەت لە ڕۆژی دووەمدا، لە کاتێکدا کە هەوڵی بەرگرتن بە ئیستقالەکەی لەئارادا بوو، کەچی ئەو دوا مۆڵەتی بە سەعات دیاری کرد و وتی "تا سەعات ٨ی ئێوارە دەوەستم و پاشان نامەکەم دەنێرم بۆ ئەوکەسانەی دەمەوێ"! هاوڕێ سامان کە لە بەرامبەر موئەیەددا ئاماژە بە شێوازەکەی ڕێبوار دەکات بەوەی مەسئولانە جووڵاوەتەوە، بەڵام خۆی چ شێوازێکی گرتەبەر؟! لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا با سەرنج بەرینە سەر ئیستقالەکەی هاوڕێ سامان، ئەو دەڵێ؛

> "لە ساڵی ٢٠١٤وە ئامادەم بۆ دەست لەکار کێشانەوە. بە درێژایی ٦ ساڵی ڕابردوو، لە چەندین کاتدا، چاوەڕێی ئەم ساتە وەختە بووم. ئەمڕۆ کە گەیشتوومە دواخاڵی هێزی خۆم بۆ مانەوەم".

هاوڕێ سامان باسی ئەوە دەکات کە ٦ ساڵە وازهێنان لە دەرونیدا بۆتە گرێیەک، بەبێ ئەوەی یەکجار لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانی خۆیدا باسی بکا و بکەوێتە ڕاوێژەوە، وەک بڵێی ئەم گرێیە بەوانەوە پەیوەندی نیە! بەداخەوە "چاوەڕوانی ساتە وەختێک" کە ئەو هەڵیبژارد، ساتەوەختی کارەساتباری کۆرۆنا بوو، کە مەرگ لەبەردەم دەرگای هەموماندا ڕاوەستا. ئەو ئەم دۆخەی لە هەمووکاتێک بە گونجاتر زانی، لەجیاتی ئەوەی بەرپرسیارانە هەموشتێک وەلابنێ و لەپێناو ڕووبەڕووبوونەی ئەم کارەساتە و بەرگرتن بە ئاکامە مەترسیدارە هەمەلایەنەکانی لەسەر کۆمەڵگای بەشەری، هاودڵی و یەکریزی هاوڕێ "ئازیز و پڕئفتیخار"ەکانی هەڵبژێرێت، کەچی ئەو ئەم کاتەی هەڵبژارد بۆ کردنەوەی گرێیەک کە ٦ ساڵە تەنها لە دڵی خۆیدا هەڵیگرتوە.

لەمەش جێگای نیگەرانیتر ئەوەیە کاتێک دەڵێت "٦ ساڵە ئامادەم بۆ ئیستقالە"، کەچی هەر لەو ماوەیەدا بە بەردەوامی خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی ئۆرگانە ڕابەرییەکانی حزب، ئایا ئەمە پرەنسیپێکی سیاسی و کۆمۆنیستی و بەرپرسیارانەیە بەرامبەر بە حزب و هاوڕێکانت، بەتایبەتی ئەگەر لەماوەی ئەم ٦ ساڵەی بێبڕواییدا، هاوڕێیانێک بەهۆی بردنە پێشەوەی ئەو سیاسەت و پراکتیکەی حزبەوە کە هاوڕێ سامان لە داڕشتن و پەسەند کردنیدا بەشداربووە، گیانیان لەدەستبدایە؟ وەیا ئەوە چ هەست کردنێکە بە بەرپرسیاریتی کاتێک هاوڕێیانێکت لە بەغداد و ناسریە و بەسرا، بەپێی بڕیار و سیاسەتی ڕابەرییەک کە هاوڕێ سامان یەکێک بووە لەوان، بکەونە بەردەم مەترسی مەرگەوە، کەچی خۆشی بەبێ ئەوەی بە کەس بڵێ نەک هەر "ئامادەی ئیستقالەدانم بگرە لە دامەزراندنی حزبەکەش پەشیمانم"!! بەڕاستی دەبێ ئەمە ناو بنێین چی؟ من نازانم ئەو نەریتە لە بیرکردنەوە و تەعامول ناوبنێم چی کە تۆ سێ دەهەیە لەگەڵ هاوڕێیانێکت لە حزبێکدا کارت کردووە کەچی ٦ ساڵە باوەڕت بە حزبەکەت نەماوە، بەبێ ئەوەی لەو ماوە زۆرەدا یەکجار و بە یەک ڕستەش ئەم باسەیان لەگەڵدا بکەیتەوە. ئایا نەدەکرا لانیکەم بێبڕوایی خۆت لەسەر حزب لەگەڵ هاوڕێیانی هاوئۆرگانت باس بکردایە و هەوڵت بدایە ئەوانت بە بۆچوونی خۆت قانع بکردایە تا چیتر خۆیان نەخەنە مەترسی مەرگەوە بۆ حزبێک کە "فەشەلی هێناوە و دامەزراندنەکەشی هەڵەبووە"؟!

هاوڕێ سامان لەم ٦ ساڵەدا خۆی بێبڕوا بووە بە حزب و بە قەولی خۆی لە فرسەتێک گەڕاوە کە ئیستقالە بدات، کەچی هەوڵ و تەقەلای داوە و ڕەخنەی لە هاوڕێیانێکی وەک موئەیەد ئەحمەد گرتووە کە بۆچی دەڕۆن و نامێننەوە! لەمەشدا سەرسوڕمان ئەوەیە کە ئینسان نازانێ هاوڕێ سامان بە کام هەڵوێستەوە بناسێتەوە. ئایا دەکرێ بە کەسانی تر بڵێی "دەبوو ئێوە نەڕۆن و بمێننەوە، بەڵام من دەڕۆم"؟!

**هۆکاری جیابوونەوەی هاوڕێ سامان؛**

## بێبڕوایی بە حزب، یان "جیاوازییە زۆر قوڵەکان"؟

هاوڕێ سامان بەڕۆشنی پێمان ناڵێت خاڵی سەرەکی بۆ وازهێنانەکەی چیە، تا هەرکەس بتوانێ بنەمای بڕیارەکەی بە دروستی هەڵسەنگێنێ! ئەوەی لە ئیستقالەکەیدا هاتووە، لەلایەک باس لە بێبڕوایی چەند ساڵەی بە حزب دەکات کە لەساڵی ٢٠١٤ەوە دەست پێدەکات تا کاتی وازهێنانەکەی، وە لەلایەکی تریشەوە ئاماژە بۆ "جیاوازییەکی قوڵ"ی خۆی لەگەڵ حزبدا دەکات، کە لە ماوەی دەورانی بێبڕواییدا، کە ٦ ساڵی خایاندووە، لەسەر کۆمەڵێک بابەت، پێی گەیشتووە و ئەم جیاوازییانەش دواجار لە پلینۆمی ٣٥دا بە خاڵێک گەیشتوە کە هەوڵدراوە "چینی کرێکار لە سیستمی فکریماندا بسڕنەوە"، بۆیە ئیتر بڕیاری جیابوونەوەکەی بۆتە شتێکی حەتمی. ئەوەتا دەڵێت:

> ئەم پلینۆمەی دوایی، جێگای مشتومڕێکی گەورە بوو لە مێژووی حزبماندا، کە تیایدا، چینی کرێکار نەک لە هێزهاوسەنگی چینایەتی هێنرایە دەرەوە کە ئەوەیان ئاساییە، بەڵکو هەوڵیاندا، <u>لە سیستمی فکریماندا، بیسڕنەوە،</u> چونکە چینی کرێکار لەسەر شەقام و مەیدانەکاندا بوونی نیە. لە درێژەی ئەم قسانەدا دەڵێت: "<u>بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو ئامادەی ئەم چرکەساتە بووم</u>". واتە دوای ئەوەی پلنۆمی ٣٥ بە "سڕینەوەی چینی کرێکار لە سیستمی فکریدا گەیشتووە!!" (هێڵی تەئکید هی منە).

بەر لەهەر شتێک من دەپرسم: ئایا ئەوە شێوازێکی کۆمۆنیستییە حوکمی "هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کرێکار لە سیستمی فکریماندا" بەسەر حزبێکدا بدەیت کە هەموو فەلسەفەی دامەزراندن و هەڵسووڕانی خۆی لەسەر چینی کرێکار و بزووتنەوەکەی پێناسە کردووە، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی ڕۆشن بخەیتە پشتی ئەم حوکمە؟ ئایا هیچ بڕیار و بەڵگەنامەیەک، سیاسەتێکی نوسراو و ڕاگەیەنراو هەیە بۆ سەلماندنی ئەم تۆمەت و حوکمە، تا بکرێ ئاوا بە سادەیی

ئەنجامێکی لەمجۆرە بگرێ؟ ئەگەر هەیە بۆچی ڕاستەوخۆ دوای ئەم "هەوڵدانە" هەڵوێستت نەگرت و ئیستقالەت نەدا؟ یان چۆن بوو دوای ئەوەی "هەوڵدراوە بۆ سڕینەوەی کرێکار لە سیستمی فکریماندا" کەچی بەرپرسیارێتی پۆستی مەکتەبی ڕێکخستنی حزبت گرتۆتە ئەستۆ؟! ئایا ئەمە ئەتوانێ شتێکی زیاتر بێت لە پڕوپاگەندە کردن بۆ خۆ، بۆ وازهێنان لە حزب و وا نیشان بدەیت کە حزب لایەنگری بۆ کرێکار نەماوە و لەم ڕێگایەشەوە هەنگاوی دواترت بە زاخاوی کرێکاری ڕەنگ بکەیت؟

لەمەش زیاتر ئەوەی وەک خاڵێکی نادروست و نامەنتقی خۆی دەردەخات، ئەوەیە کە هاوڕێ سامان هەوڵیداوە وازهێنانەکەی لەسەر بنەما و لە درێژەی پرۆسەی ڕۆشنکردنەوەی "جیاوازییە قوڵەکانی خۆیدا" پاساو بکات، لەکاتێکدا بەر لە دەستبردن بۆ ئەم کارە، خۆی بێبڕوا و بێئومێد بووە و بەقەناعەتی وازهێنان لە حزب گەیشتووە و بگرە بە تەکلیف و لەژێر کاریگەریی هەندێک بابەتی تردا بەشێوەی کاتی مانەوەی لە حزبدا بەسەر بردووە. ئەمەش نەک هەر ئەوە دەگەیەنێت کە باسی جیاوازییەکان وەک هۆکارێک بۆ وازهێنان، بابەتێکی ناپەیوەستە و زیاتر بۆ خۆهەڵخستنە وەک کەسێکی مونەزیر و پێشمان بڵێت من لە درێژەی دەرخستنی جیاوازییەکانمدا بە وازهێنان گەیشتوم!!

خۆ ئەگەر "هۆکاری وازهێنانەکەی" هەبوونی جیاوازی بێت، هێشتا هەموو ئەو جیاوازییانەی کە ئەو ئاماژەی بۆ کردووە ناتوانێت، هۆکارێک بێت بۆ وازهێنان و جیابوونەوە لە حزب، بگرە ئەو دەیتوانی لەناو حزبدا بە هەموو جیاوازییەکانی خۆیەوە بمێنێتەوە و ئازادانە بیانباتە پێشەوە، تەنانەت دەیتوانی شان بداتەبەر لەئەستۆگرتنی مەسئولییەت و خۆی بۆ بالاترین پۆستی حزبی کاندید بکردایە و شەڕی لەسەر ئەو پۆستە و "جیاوازییە قوڵەکانی" خۆی بکردایە تا بیانکاتە سیاسەتی ڕەسمی هەموو حزب، وەیان دەگەیشت بە ڕێگایەکی ئسوڵی و واقعی بۆ وازهێنان وەک ئەوەی خۆی لە نموونەی هاوڕێ ڕێبواردا ڕووبەڕووی موئەیەدی کردۆتەوە. با ئەوەش بڵێم هاوڕێ سامان لەو دوو ڕۆژەدا کە وەکو مۆڵەت بە حزبی دابوو، مەرجێکی دانا، بۆ دەست هەڵگرتن لە ئیستقالەکەی، دوور و نزیک پەیوەندی بەو هۆکارانەوە نیە کە وەک بەڵگە بۆ وازهێنانەکەی ئاماژەیان پێدەکات. بەڵام با سەرنجێک بدەین و بزانین "جیاوازییە قوڵەکان"ی هاوڕێ سامان کامانەیە؟

## ئایا "جیاوازییە قوڵەکان" هەقانیەت بەم ئینشقاقەی هاوڕێ سامان دەدەن؟

بێگومان نا؛ ئەو لە نامەی ئیستقالەکەیدا لیستێک لەو باسانەی ڕیز کردوە کە بەپێی ڕیوایەتی خۆی بەشێکیان وەک "باسی حزبی وەرگیراوە" و بەشێکی تریان وەک "جیاوازی قوڵ" چاویان هەڵهێناوە! تاپێمان بڵێت لەپشتی "جیاوازییە قوڵەکانیەوە" داهێنانێکی فکری و سیاسی هەیە و لە ئاکامیشدا کۆمەڵێک بابەتی مارکسیستی لە جووڵانەوەکەدا جێگیر کردوە، بەبێ ئەوەی کەمترین ئاماژە بەو ڕەخنە و جەدەلانە بدات کە لەسەر بەشێکی زۆری ئەو باسانە، چ لە ناوخۆی حزبدا و چ لە ئاستی عەلەنیدا لەلایەن هاوڕێیانەوە ڕووبەڕووی کراوەتەوە.

بێگومان هاوڕێ سامان جیاوازی لە لێکدانەوە و هەڵوێستگرتنە سیاسییەکانیدا لەگەڵ حزب و بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانی تر، لەئاست جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەبووە، هەروەها لەمەش زیاتر لەگەڵ <u>خۆشیدا "جیاوازی یەکجار قوڵی" هەبووە</u> ، بەڕادەیەک کەلەسەر یەک بابەت دوو بۆچوون و دوو هەڵوێستی تەواو پێچەوانەی هەبێت. بەڵام بەبێ ئەوەی ئەم جیاوازییانە پێگەیەکی موسبەت لە حزب و جووڵانەوەکەماندا بگرێ و ئەوانەشی کە دوو ڕای جیاوازی لەسەر هەبوە، بە بێدەنگی تێی پەڕاندووە و ڕاشکاوانە ڕەخنەی لێ نەگرتووە. لێرەدا با لاپەڕەکانی چەند مەسەلەیەک وەکو نموونە لەو باسانە هەڵبدەمەوە، تا ڕاستییەکان زیاتر دەرکەون:

١/ هێرشی ئەمریکا بۆسەر موسڵ. لەسەر ئەم بابەتە سەرەتا هەردوو هاوڕێ موئەیەد و سامان (کەئەوکات سکرتێری حزب و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون)، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئۆرگانەکەی خۆیان و بە سەربەخۆ دوو وتاریان بڵاو کردەوە و هەردووکیان سیاسەتی کۆمۆنیستییان بەرامبەر بەو جەنگە بە هەڵبڕینی دروشمی "پێویستە ئەم جەنگە بوەستێت" ئاڕاستە کرد!! دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەم دروشمە حزبی عێراق لە بەیانێکدا هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند. هاوڕێ سامان ئەم دروشمەی بەڕاددەیەک تەقدیس کرد، کە بڵێ:

"سیاسەتی مارکسیستی لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە: "پێویستە ئەم جەنگە بوەستێت ."<u>بۆ هێزێکی کۆمۆنیست و مارکسیست شۆڕشی کرێکاری لەم قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەدا لەم کەناڵەوە دەگوزەرێت. تاکتیکی کۆمۆنیستی</u>

لەم قۆناغەدا لەم ڕێگایەوە جێبەجێدەبێت" (وتاری پێویستە ئەم جەنگە بوەستێت/ سامان کەریم/ هێڵی تەئکید هی منە).

بەم جۆرە دروشمی "جەنگ دەبێ بوەستێت"، هەم بووە ستراتیژی عەمەلی شۆڕشی کرێکاری و هەم تاکتیکی کۆمۆنیستی! لە کاتێکدا مێژووی ئەم دروشمە لە جوولانەوەی کۆمۆنیستیدا، شتێکی زیاتر نیە لەوەی تاکتیکێک بێت بۆ ڕاگرتنی جەنگ و دوور خستنەوەی ئاکامە زیانبارەکانی لەسەر خەبات و نارەزایەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش (ئەویش ئەگەر ئەم دروشمە دروستبێت لەبەرامبەر هەر جەنگێکی دیاریکراودا). بەڵام ئەم سیاستە جیاوازەی هاوڕێ سامان سەری لەکوێوە دەردەهێنا؟

لە شەڕی موسڵدا سیاسەتی هەردوو حزب ئیدانەکردنی جەنگ و وەستانەوەی توند بوو بەرامبەر بەم جەنگە. ناوەڕۆکی ئەم هەڵوێستەش لەوەدا خۆی بەیان دەکات کە ئێمە شەڕی موسڵ بە شەڕی لەناوبردنی داعش نازانین و بە شەڕێکمان دەزانی کە شارێکی نزیک دوو ملیۆن کەسی دەخاتە ناو ئاگری جەنگەوە لەپێناو بەلادا خستنی پێشبرکێی جەمسەرە بۆرژوازییەکانی جیهان و هێزە درێژکراوە ناوچەییەکانیان. بەڵام شەڕی شکاندن و ڕامالینی داعش لەو ناوچانەی لەژێر دەستیدا بوو، ئێمە ئەمەمان بە شەڕ و بەکاری شۆڕشگێڕانەی خەڵک دەزانی. لەکاتێکدا دروشمی "جەنگ ئەبێ بوەستێت" بە مانای ڕاوەستانی هەموو جەنگێک دەکات، بەجەنگێکیشەوە کە لە دژی داعش بێت.

بە واتایەکی تر، ئەگەرچی ئێمە و هاوڕێ سامان لەسەر ئەو خاڵە هاوبەش بووین کە هەردوولا دژی شەڕی موسڵ بووین و هەردوولا شەڕەکەمان مەحکوم دەکرد، بەڵام ئێمە پێمان وابوو کە دروست نیە بەو جۆرەی هاوڕێ سامان داوای وەستانی جەنگی دەکرد، لێگەڕێین تا ملیۆنەها هاوڵاتی لەژێر حوکمی شمشێری داعشدا ژیانی کارەساتبار بەسەر بەرن و داعش هەروا هەڕەشەیەک بێت لەسەر ژیان و ئەمنیەتی خەڵک. داعش هەر دەبوو بشکێ و ڕابماڵرێت، گومانیش لەوەدا نەبوو کە ئەم کارە تەنها بە کردەوەی سەربازی ئیمکانی هەبوو، لەم پەیوەندەدا دروشمی "دەبێ ئەم جەنگە بوەستێت" ڕازی بوونێک بوو بە مانەوەی دۆخێک کە داعش حوکمی شاری موسڵی بەدەستەوە بوو. بەم جۆرەش هاوڕێ سامان هەموو جۆرە جەنگێکی لەدژی داعشیش ڕەت دەکردەوە، لە کاتێکدا ئێمە بەپێچەوانەوە پێداگریمان لەسەر ئەوە دەکرد کە جەنگی شکاندنی داعش کاری خودی جەماوەری ستەمدیدە و ئازادیخوازە. هەروەها تا ئەو جێگایەی بە سیاسەتی دەوڵەتان دەگەڕێتەوە، پێداگریمان لەسەر ئەوە بوو کە بەندوبەستی ئەوان لەگەڵ داعش مەحکومە، نەک دژایەتی و لێدانی داعش. وە تەنانەت هەر هێز و لایەنێک بەڕاستی شەڕی داعش بکات نابێ مەحکوم بکرێت. ئەمە کرۆکی جیاوازی نێوان هەردوولامان بوو.

٢/ باسی ریفراندۆم. مەسعود بارزانی دوو جار بانگەشەی بۆ ڕیفراندۆم کرد، یەکەمجار لەساڵی ٢٠١٤دا بە کەڵک وەرگرتن لە وجودی داعش پرسی ڕیفراندۆمی خستەسەر زاری میدیاکانەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای باڵادەستی سەربازی پێشمەرگە بەسەر سوپای عێراقدا و لە فرسەتێکدا هاتە کایەوە کە داعش پەلاماری موسڵ و شارەکانی تری عێراقیدا و سوپای عێراق نەیتوانی بەرگری بکا و شکستی خوارد. ڕیفراندۆمی ئەمجارە بە هیچ پێوانەیەک مەرجەکانی ڕیفراندۆمی تیا نەبوو بەکردەوەش بە تەنها لە ئاستی پروپاگەندەیەکدا مایەوە. لەبەرامبەر ڕیفراندۆمی ئەم جارەدا، هاوڕێ سامان پێی وابوو ڕیفراندۆم دەکرێ و پێداگری توندیشی لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێ کۆمۆنیزم پشتیوانی لێبکات.

دووەمجار لەسالی ٢٠١٧دا، دیسانەوە مەسعود بەرزانی داوای ڕیفراندۆمی کرد، ئەمەش لە دۆخێکی ئارامتری دوای شکستی داعش هاتەکایەوە. بەڵام هاوڕێ سامان بڕوای وانەبوو ڕیفراندۆم بکرێ و گرەوی لەسەر ئەنجام نەدانی دەکرد. ئەم بۆچوونەشی لەسەر بنەمای ئەوە بوو کە گوایە ڕەوەندە سیاسی و عەسکەرییەکانی ناوچەکە و جیهانی لێکداوەتەوە و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ڕیفراندۆم ناکرێ و لە پروپاگەندەیەک زیاتر تێناپەڕێ و مەسعود بەرزانی لە دوایین ڕۆژەکاندا پەشیمان دەبێتەوە! تەنانەت پێی وابوو ئەگەر ڕیفراندۆم ئەنجامیش بدرێ ئەوا لە ناوچە جێناکۆکەکان بەڕێوەناچێت و گرەویشی لەسەر ئەوە دەکرد کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ڕەوتی ڕووداوەکان دروستی لێکدانەوەکانی ئەو دەردەخات. هەموو ئەم پێشبینیانەی هاوڕێ سامان ناڕاست دەرچوون و دواتریش خۆی نەکردە خاوەنی و هیچی لەبارەوە نەوت. بەڵام مادام کە ئەو تا ئەمڕۆش "وەکو هەمان سەردەمی ڕیفراندۆم بیر دەکاتەوە و ئەو سیاسەتە بە ئاڕاستەیەکی قەومی ڕۆشن" دەزانێت، خراپ نیە کەمێک لە بابەتەکە وردبینەوە:

من نازانم هاوڕێ سامان تاچەند ئەو هەڵە و ناکۆکییە دەسەلمێنێ کە لەسەر بابەتی ڕیفراندۆم تێیکەوتووە، بەتایبەتی کە ئەو نەک هەر بەرامبەر بە سیاسەتی ئەحزابی کۆمۆنیستی کرێکاری کەوتۆتە جیاوازییەوە بگرە بەرامبەر بە خۆشی لە ناکۆکی و جیاوازییەکی ڕۆشندایە و هەردووکیانیشی بە سیاسەتی کۆمۆنیستی لە قەڵەمداوە، کە دوو سیاسەتی پێچەوانە و دژ بەیەک بوون:

لە ڕیفراندۆمی یەکەمجاری ساڵی ٢٠١٤دا، کاتێک کە ناسیونالیزمی کورد هەوڵیدا فرسەت لە شکستی سەربازیی حکومەتی مەرکەزی، بەرامبەر داعش وەرگرێ و تەنانەت بەجۆرێک لە هاوئاهەنگی لەگەڵ داعشدا، بکەوێتە دوای بەدەستهێنانی بەشی زیاترەوە. ئا لەم کاتەدا بارزانی دەیوت "داعش کاری بەسەر کوردەوە نیە و ئێمەش کارمان بەسەر داعشەوە نیە. موسڵ و دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی کە کەوتوەتە بندەستی با بۆ داعش بێ و کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانیش بۆ ئێمە". ئەوکات ئێمە وتمان لە دۆخێکی ئاوادا ڕیفراندۆم هەنگاوێکی دروست و واقعی نیە، بەڵکو تەنها نمایشێک دەبێ بۆ کارێک کە پێشتر بە زەبری چەک یەکلا کراوەتەوە. بەڵام هاوڕێ سامان لە وتارێکدا بەناوی "جیابوونەوەی کوردستان و سیاسەتێکی کۆمۆنیستی" لەبارەی ڕیفراندۆمەکەی ئەوجارەوە پێداگری لەوە کرد کە ئەگەر ڕیفراندۆم سیاسەتی ناسیونالیستەکان و خودی پارتیش بێت و دەوڵەتی قەومیش دامەزرێنێ، ئەوا خاڵی لێکەوتە لەنێوان سیاسەتی کۆمۆنیستەکان و بۆرژوازیدایە و قابیلی پشتیوانی کۆمۆنیستەکانە. ئەو وتی؛

> "لە کۆتاییدا چەند دێرێک لەسەر ئەوەی کە جیابوونەوە و ڕیفراندۆم سیاسەتی ناسیونالیستەکانە یان پارتییە!! مومکنە وابێت من تا ئێستا وای نابینم، پارتی خەریکی پێکهێنانی حکومەتە لە بەغداد و لە ١٥ی مانگەوە هێزە ئیسلامی و قەومییەکان ڕێککەوتوون لەسەر پێکهێنانی حکومەتی بەغدا. بەڵام گریمان وایە. ئەوکات یەکەمجار نابێت لە مێژوودا کە سیاسەتی کۆمۆنیستی و سیاسەتی بۆرژوایی لە پۆینتێکدا یەکبگرن". هێڵی تەئکید هی منە.

لە ڕیفراندۆمی دووەمجاری ساڵی ٢٠١٧دا، کاتێک کە هەڕەشەی داعش نەما، دیسانەوە مەسعود بەرزانی داوای ڕیفراندۆمی کرد، بەڵام هاوڕێ سامان سەد و هەشتا دەرەجە بە جیاواز لە هەڵوێستی کۆمۆنیستی یەکەمجاری خۆی لەدژی ڕیفراندۆم ڕاوەستا و وتی:

> "باسی ئەم ڕیفراندۆمە دیاریکراوە لە پایەیەکی سەرەکیدا، باسی پارتی و بارزانی و مێژووی ئەم هێزەیە، هەر لایەن و هێزێک مێژووی ئەم هێزە و سیاسەت و پراکتیکی وەک هێزێکی بۆرژوایی کورد لەبەرچاو نەگرێت هەڵەیەکی گەورە دەکات، لە بەرانبەر زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستاندا .."

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە کامیەک لەم دوو هەڵوێستە کە هەردووکیان بەناوی سیاسەتی کۆمۆنیستیەوە داڕێژراون، هەڵوێستێکی کۆمۆنیستیە؟! لەکاتێکدا هەر خودی خۆی جیاوازی نێوانیان بە "جیاوازییەکی یەکجار قوڵ" ناودەبات؟! چۆنە وا هاوڕێ سامان لە پەیوەند بە ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٤وە باسێک لەوە ناکات کە "پارتی و بارزانی و مێژووی ئەم هێزە، کە ئەگەر هەر لایەن و هێزێک مێژووی ئەم هێزە و سیاسەت و پراکتیکی وەک هێزێکی بۆرژوایی کورد لەبەرچاو نەگرێت هەڵەیەکی گەورە دەکات، لە بەرانبەر زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستاندا"؟ وە هیچ بایەخێک بۆ ئەم بۆچوونەی دانانێ، بەڵام لە پەیوەند بە ڕیفراندۆمی ٢٠١٧وە دەیکاتە بنەمایەک بۆ ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم و لایەنگریی حزبیش لەو ڕیفراندۆمە بە سیاسەتێکی ناسیونالیستی لە قەڵەم دەدات؟! ئایا پارتی و بەرزانی لەو سێ ساڵەدا ماهیەت و مێژووەکەی گۆڕانێکی ئاوا جەوهەریی بەسەردا هاتووە؟! وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ هاوڕێ سامان بەجێ دێڵم.

٣/ لەبارەی شەڕی کۆبانییەوە. لەکاتێکدا دۆخەکە لە لێواری ئەوەدا بوو کە کۆبانی بکەوێ و ئەو کارەساتەی لە شنگال ڕوویدا لەوێش دووبارە ببێتەوە و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی مەدەنی و بە تاڵان بردنی ژنان وەکو غەنیمەتی جەنگ بخوڵقێت، هاوڕێ سامان وتی:

> "دواجار پرسیارێکی سادە ئەوەیە ئەگەر کۆبانی سەرکەوت کۆمۆنیستەکان چییان دەست دەکەوێت و چییان کۆکردۆتەوە؟! و ئەگەر کۆبانی داگیر کرا دیسان ئازایەتی و بوێریی هەر بۆ ناسیونالیزم دەنووسرێت، جا پەیەدە بێت یان هەر حزبێکیان". سامان کەریم/ وتاری داعش و کۆبانی و گەشەی ناسیونالیزم!

واتای زمنیی ئەم بۆچوونەی سەرەوە ئەوەیە کە کۆبانی بکەوێت یان نەکەوێ هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمۆنیزمەوە نیە. ئەو ئەگەرچی بە لەفزی باس لە پشتیوانی خەڵکی کۆبانی کردووە، بەڵام لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمەکەی ئەوەوە کە مادام هێزێکی ناسیونالیستی وەک پەیەدە ڕۆڵی هەیە نەک کۆمۆنیستەکان، ئیتر نە کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی بێدیفاعی

کۆبانی و بردنی ژنان وەکو غەنیمەی جەنگ بایەخێکی هەیە و نە پەیوەندییەکی بە کۆمۆنیزمەوە هەیە و نە پێویستی بە جەنگێکی بەرگرییە تا بەر بە کارەساتێکی وەها بگرێت. ئێستاش لە نامەی ئیستقالەکەیدا دەیەوێت ئەوە بە شانازی بۆخۆی بنووسێت کە دەڵێ:

لە ڕووداوی "بەرگری لە کۆبانێدا.. سیاسەتێکی جیاوازمان گرتەبەر لەئاستی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، نەک لە ئاستی حزبماندا، بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازییانە لەسەر ڕابەریی حزبمان دیار بوو".

من نازانم کاریگەریی موسبەتی ئەم جیاوازییە چی بووە لەسەر ڕابەریی حزبی عێراق، چونکە هیچ ئاماژەیەکی کۆنکرێت لەم بارەوە نیە و خۆشی هیچ بەڵگەیەک ناخاتە بەردەست، بەڵام ئەوە دەزانم کە هاوڕێ سامان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی کردە قوربانی هەڵوێستگیرییە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی و کەوتە شوێن ئەوەی کە مادام مقاوەمەتی کۆبانی بە ڕابەریی کۆمۆنیستەکان نیە، ئیتر سیاسەتی کۆمۆنیستی لەوەدا خولاسە دەبێتەوە کە دەڵێت: "ئەگەر کۆبانی سەرکەوت کۆمۆنیستەکان چییان دەست دەکەوێت و چییان کۆکردۆتەوە؟! و ئەگەر کۆبانی داگیر کرا دیسان ئازایەتی و بوێری هەر بۆ ناسیونالیزم دەنووسرێت". ڕوانگەیەکی ئاواش نە جێگایەک بۆ پشتگیرییەکەی ئەو لەکۆبانی دەهێڵێتەوە و نە پێشی وایە دووبارە بوونەوەی کارەساتی شنگال بە کۆمۆنیزمەوە پەیوەندی هەیە. جێگای خۆیەتی هەر لەم بارەوە ئاماژە بە بۆچوونێک بکەم کە هەوڵیدەدا، لە ژێر پەردەی پشتیوانی و بەرگریی کۆبانییەوە، خەسڵەتێکی چەپ بە پەیەدە بدات و کە کانتۆنەکانی ئەو ناوچانە بە کۆمۆنەکان و شەڕی کۆبانیش بە کۆمۆنەی پاریس بچوێنێ. بەڵام ئەم هەڵوێست و لێکدانەوەیە بە تەواوی ناکۆک بوو بە هەڵوێست و سیاسەتی حزبەکانی بزووتنەوەی ئێمەوە. شەڕی بەرگری لە کۆبانی لەو ڕوانگەیەوە شایانی پشتیوانی توند بوو کە بەرامبەر بە بەربەرییەتی داعش وەستایەوە و بەرگری لە سیما و پێوانە مەدەنییەکان دەکرد و ڕێگای نەدا کارەساتێکی وەکو شنگال لەوێ دووبارە بێتەوە. ئیتر ئەوە گرنگ نەبوو کە کام لایەن ئەو شەڕەی ڕێکخستووە و ڕابەری کردووە.

٤/ لەسەر مەسەلەی کەرکوک. هاوڕێ سامان لە نامەی ئیستقالەکەیدا نووسیویەتی:

دوای ئەوانە، بابەتی کەرکوک هاتە پێشەوە، بەڵام ئەم بابەتە لە نێوخۆی حزبدا بوو، لەبەرئەوە ڕەخنەی خۆم لە ئاستی کۆمیتەی مەرکەزیدا بڵاوکردەوە. حزبم ئاگادارکردەوە لە ئاراستەی قەومیی ئەم بڕیارەی کە واژۆی دەکەن. بڕیارێک کە لەلایەن حزبی کۆمۆنیسی کرێکاریی کوردستانەوە پێشنیاز کرابوو..".

بەڵام هاوڕێ سامان لە ڕوانگەی چ بۆچوونێکەوە حوکمی "ئاراستەی قەمی" بەسەر بڕیارنامەکەدا داسەپاندووە؟

سەرەتا ئەو لەو نامەیەی کە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزبی عێراقی ناردووە دان بەوەدا دەنێت کە کێشەی لەگەڵ "اسس و منطلق"ی بڕیارەکەدا هەیە نەک هەنگاوەکانی دواتری ناو بڕیارنامەکە. کەوایە با بزانین لەسەر"اسس ومنطلق"ی بڕیارەکە دەڵێت چی:

الاول: اسس الاول. السطر الاول من القرار هو: "ان السبيل الحل النهائي لقضية كركوك مرتبط بسبيل الحل النهائي لقضية االكرد." بمعنى ليس هناك حل آخر و سبيل اخرى غير حل قضية الكرد لحل قضية كركوك، و هذا منطلق قومي بالأساس. مثلا لماذا لن يرتبط باسقاط الحكومة العراقية و مجئ او بنيان حكومة بامكانها ان تحل هذه القضية عبر اخراج كركوك و العراق كله من الدستور القومي و الاثني و الديني... للمثال فقط، وايضا للمثال، لماذا لن يرتبط بالحكومة العمالية...

الثاني: الاسس الثاني: القرار في مقطعه الثاني يقول "إن الخطوة التالية لعملية حل قضية الكرد في العراق، بعد إجراء استفتاء 2016 و تصويت اغلبية جماهير كردستان بالانفصال، يتمثل بإرساء دولة مستقلة. بعد إرساء دولة كردستان المستقلة، من الضروري إجراء إستفتاء خاص لإبداء مجمل قاطني كركوك برايهم..." (الخط التاكيد مني/سامان).

هنا اصبح استفتاء 2016 الذي قادته بارزاني مقدسا، اصبح مقطعا تأريخيا علينا نحن نستند عليه. لماذا مثلا ما نقول تم اجراء الإستفتاء في ظروف غير مواتية و نحن كحزب لا نقبل بنتائجه مثل ما نقول مرات كثيرة حول إجراء الإنتخابات البرلمانية... (هێڵی تەئکید/ خەسرەو).

لەم قسانەی سەرەوە هاوڕێ سامان پێیوایە کە؛ یەکەم، مادام بڕیانامەکە چارەسەری کۆتایی کێشەی کەرکوکی بە چارەسەری کۆتایی کێشەی کوردەوە بەستۆتەوە و هیچ ڕێگایەکی تر نابینێ، ئۆتۆماتیکی حوکمی قەومی بوونی مونتەڵەقی بڕیارنامەکە دەردەکات!! بەڵام حوکمێکی ئاوا بەقەد سەرەدەرزیەک ڕاستی و دروستی تێدا نیە، چونکە هەر

ئینسانێکی سادە ئەوە باش دەزانێت کە کێشەی کەرکوک بەرئەنجامی سەرهەڵدانی کێشەی کوردە و جێگایەکی مەرکەزی لە مێژووی ناکۆکی نێوان دەوڵەتی عێراق و ئەحزابی ناسیونالیزمی کورددا گرتووە، بە ڕادەیەک کە ناکرێ ئەم دوو کێشەیە لێک جیابکرێتەوە بە ناچاری و دەبێ لە پەیوەند بە یەکترەوە ڕێگاچارە بۆ هەردوو کێشەکە بدۆزرێتەوە. ئەم واقعیەتەش نە ئێمە کۆمۆنیستەکان دروستمان کردووە و نە پێمان خۆشە وابێت. ئەگەر هاوڕێ سامان ئەم واقعیەتە نابینێ ئێمە گوناهمان چیە و با ئەو چارەسەرێک بخاتەڕوو بۆ کێشەی کەرکوک کە هیچ ڕەبتێکی بە کێشەی کوردەوە نەبێت.

دووەم: دەپرسێ کە بۆچی چارەسەری کێشەی کەرکوک تەنها بە کێشەی کوردەوە گرێدراوەتەوە و بۆنموونە بە ڕوخانی ڕژێم و دەستورێکی سکۆلار و حکومەتی کرێکارییەوە نەبەستراوەتەوە. پێدەچێت هاوڕێ سامان پێی وا نەبێت کێشەیەکی قەومی لە عێراق بە ناوی کێشەی کوردەوە هەبێت، وەیا ڕەنگە کێشەکە زۆر بە سادەیی ببینێت، ئەگینا ئەوە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە کە دەبێ لە هەموو ئەگەرێکدا ڕێگاچارەی سیاسی لەبەرامبەر ئەم کێشەیەدا بخەنەڕوو. تەنانەت لە حاڵەتی ڕوخانی ڕژێم و هاتنەسەر کاری حکومەتێکی سکۆلاری ناقەومیشدا، دیسانەوە هەر دەبێ کێشەی کورد بە ڕێگایەکی سیاسی، یانی بە گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک چارەسەر بکرێ، ئەگەرنا ڕوخانی ڕژێم و بەرقەراری سکۆلاریزم وەک خۆی ئۆتۆماتیکی کێشەکە چارەسەرناکات. لە بارەی گرێدانەوەی چارەسەری کێشەی کەرکوک بە حکومەتی کرێکارییەوە، لەگەڵ ئەوەدا فەرەزیەیەکی نادروستە و لە باری تیۆرییەوە ئیشکالاتی جدیی بە دواوەیە، بەڵام دیسانەوە لە سەردەمی دەسەڵاتکردنی کرێکاران و هاتنە سەرکاری حکومەتی کرێکاریشدا هەر دەبێ ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بخرێتەڕوو. لەمبارەوە لینین و حکومەتی کرێکاری لە ڕوسیا و چارەسەری کێشەی قەومیەکان لەم وڵاتەدا نموونەیەکی ڕۆشنە. ئەوەی کە هاوڕێ سامان بەستنەوەی کێشەی کەرکوک بە کێشەی کوردەوە بە ئاڕاستەی قەومی دەزانێ و داوا دەکات کە بۆچی چارەسەری ئەم شارە بە حکومەتی کرێکارییەوە نابەستینەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە داوایەکی نادروست و نامەنتقییە، بۆچوونێک بەیان دەکات کە چارەسەری کێشەی قەومی بە تەنها لە سۆشیالیزمدا دەبینێ و بەس. (بڕوانە وتاری ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی! وەڵامێک بە هاوڕێ سامان کەریم).

سێهەم: لە خاڵی دووەمدا هاوڕێ سامان "ئاڕاستەی قەومی" لە بڕیارنامەکەی کەرکوکدا دەبینێ چونکە گرێ دراوەتەوە بە باسی سەربەخۆیی کوردستان و ڕیفراندۆمێکەوە کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان تێیدا دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستاندا. بەڵام ئەو کە پێی وایە ئەم ڕیفراندۆم و دەنگدانەی خەڵک بۆ سەربەخۆیی، "ڕیفراندۆمی پارتی و بەرزانییە"، ئیتر شتێکی زیاتر لە حوکم و بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژی زیاتر دووبارە ناکاتەوە، کە لە ڕابردوودا چەندین وتارمان لەسەر ئەم بۆچوونە نووسیوە، کە لێرەدا پێویست نیە دووبارە بچینەوە سەریان.

بەڵام بەجیا لەم خاڵانەی سەرەوە، گرفتی سەرەکی هاوڕێ سامان ئەوەیە کە زهنیەتی ئایدیۆلۆژیگەری، ڕێگەی پێ نادات ئەو دۆخە ببینێ کە بڕیارنامەکەی بۆ نووسراوە. دۆخێک کە بەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و پەلاماردانی سەربازیی سوپای عێراق و کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکوک بە زۆری چەک و ئاوارە بوونی خەڵکەکەی هاتە ئاراوە، دۆخێک کە نەعرەتەی قەومی پەرەگرتنی دەعوای حزبە ناسیونالیستەکان بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتیان بۆ شارەکە، چارەنووسی خەڵکی شاری کەرکوکی لە نائارامی و دڵەڕاوکێ و ترسدا ڕاگرتبوو. بڕیارنامەکە هەوڵێک بوو بۆ خستنەڕووی ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ ئەم دۆخە کە پشتی بەستووە بە مەبدەئی سپاردنی ژیان و ئەمنیەتی شارەکە و بەڕێوەبردنی لەلایەن خەڵک خۆیانەوە، پێکهێنانی نوێنەرانی شورای شار و گرتنەدەستی باری ئەمنی و بژێوی هاوڵاتیان و هەڵگرتنی میلیتاریزم و ڕێگەنەدان بە وجودی هێزی ئەمنی و چەکداری حزبەکان و دابینکردنی ئازادییەکان و گەلێک هەنگاوی تر. ئەمانە لایەنە سەرەکییەکانی بڕیارنامەکەی پێکهێناوە. هاوڕێ سامان لەجیاتی ئەوەی بە بەرپرسیارێتییەکی ئینسانییەوە لە دۆخەکە بڕوانێ و ڕێگای دەخالەتگەری کۆمۆنیستی بخاتە بەردەم حزب، بەشوێن ساغکردنەوەی گرفتە زهنییەکانی خۆیەوە بوو، لەمەڕ "مەسەلەی کورد و سەربەخۆیی و ڕیفراندۆمی بەرزانی"، کە بزووتنەوەکەمان خەروارێک بابەتی لەسەر ئەم مەسەلانە نووسیوە. بۆ ئەو تەنگانەی خەڵکی شارێکی لاگرنگ نەبوو بەقەد ئەوەی کە خاڵێک بۆسەر لیستی جیاوازییەکانی خۆی زیاد بکا و بە ئێمەش بڵێ "ئاڕاستەی قەومییان هەیە"! بەڕاستی ئەوە چ مامەڵەیەکی بەرپرسیارانە و کۆمۆنیستانەیە، کە خۆت هیچ بەدیلێکت نەبێ بۆ کێشەیەک کە سەدان

هەزار کەسی پێوە گیرۆدە بێت، کەچی لەبەرامبەر هەوڵ و تەقەلای هاوڕێکانتدا، وەک ئۆپۆزسیۆنێکی ڕەخنەگر خۆت هەڵخەیت و دوای چەند ساڵێک ئەمە بە شانازییەوە بۆ خۆت بنووسی؟

٥/ لەسەر ڕاپەڕینی شارەکانی عێراق. هاوڕێ سامان دەڵێت:

"مامەڵەی ڕابەریی حزب لەگەڵ ڕاپەڕیندا، لەباری پراکتیکیەوە وەک شۆڕش کاری لەسەر دەکرد، بەلام لە بەیان و باسەکانی حزبدا، زۆر بە دەگمەن ئەوەمان گوێ لێ دەبێت یان دەیخوێنینەوە، کە ئەمە شۆڕشە".

لەڕاستیدا ئەم دەربڕینە زیاتر لە گلەیی دەچێت تا ئەوەی "جیاوازییەکی قوڵ"ی ئەو لەم بارەوە نیشان بدات. تەنانەت ئەم باسەی خستۆتە نێو لیستی جیاوازییەکانیەوە بەبێ ئەوەی ڕای خۆی بڵێت، بەلام ئەو بە ڕۆشنی لە وتارێکیدا بەناوی "مطالب الجماهیر، تشیأت الی حرکة سیاسیة مضادة لهم". ئەم نارەزایەتییانەی بە "لوعبەی بۆرژوازی" لێکداوەتەوە و ڕایگەیاندووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە داخوازی خەڵکی بێکار و نەدارەوە نیە. ئەوەتا دەڵێت:

الحرکة السیاسیة الحالیة لا علاقة لها بمطالب الناس بأیة صورة من الصور. تقودها شبح، تنظمها شبح اخر، تمولها شبح عبر فیسبوک و تویتر... هذه الاشباح التي تصنعها البرجوازیة، او اطرف من اطرافها تکسر او تدمر الطاقة المعنویة للجماهیر، خصوصا ان تلک الاحتجاجات اصبحت متکررة... و لا یتحقق شیئا.

هذه حرکة سیاسیة لا علاقة لها بمطالب الناس و الجماهیر، لا علاقة لها بتوفیر فرص العمل و لا ضمان البطالة و لا ولا. الجماهیر تموضعت فیها اي في هذا القالب الذي رسمتها البرجوازیة. بهذا المعنی تشیأت الحرکة باسم الاحتجاجات و هذه هي لعبة برجوازیة ذکیة خلال العقدین الماضیین، حیث الساحة خالیة من قوة ثوریة عمالیة تنشد لتغیر الجذري.

ئەم بۆچوونانەی هاوڕێ سامان قسە زۆر هەڵدەگرێ کە بە داخەوە لێرەدا ناتوانم زۆری لەسەر بڕۆم، بەلام ئاماژە کردن بە چەند خاڵێکی کورت بە پێویست دەزانم: یەکەم، ئەو قسانەی سەرەوە ڕوانگە و بەرخوردێکی ئایدیۆلۆژی، بە جوولانەوەیەکی جەماوەری بەرهەق ئاشکرا دەکات، تەنانەت بە سەراحەتەوە پێمان ناڵێت کە جوولانەوەیەکی کۆنەپەرستانەیە و شایەنی پشتیوانی و دەخاڵەتی کۆمۆنستی نیە. دووەم، حوکمی ئەوەی جوولانەوەیەکی دروستکراو و لوعبەیەکی بۆرژوازییە، بە مانای ئینکار کردن و نەبینینی پایە چینایەتی و کۆمەلایەتییەکانی جوولانەوەیەکە کە لە دڵی نایەکسانیی ئابوورییەوە بۆ نان و کار و خزمەتگوزاری، لەبەرامبەر سیستم و دەسەلاتێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی، فاسد و تایفەگەردا سەری هەڵداوە. سێهەم، معیاری هاوڕێ سامان بۆ بۆچوونەکانی ئەوەیە کە "ساحەکە خاڵییە لە هێزێکی شۆڕشگێڕی کرێکاری"، لە پشتی ئەم معیارەشەوە مەنشەفیزمێکی تەواو لە سیاسەتدا ڕاوەستاوە. واتە کاتێک جوولانەوەکە دروستکراوی دەستی بۆرژوازی بێت و هێزێکی شۆڕشگێڕی کرێکاریش لەئارادا نەبێت، ئیتر کۆمۆنیستەکان دەبێ لە سیاسەتی چاوەڕوانی و بێ دەخاڵەتیدا بمێنن، تا کاتێک کەشوهەوای دڵخوازانەی ئەوان دێتەکایەوە!! هاوڕێ سامان نەک هەر میکانیزمەکان و قابلیەتی چینایەتی جوولانەوە جەماوەرییەکانی لەبەرچاو نیە، بگرە بە سورەتێکەوە کە لە زهنیدایە ئەندازەگیری جوولانەوە جەماوەرییەکان دەکا و هەر شتێک لەو سورەتە نەچێت، ئەو بە لوعبە و دروستکراوی دەستی بۆرژوازی لە قەڵەمی دەدات.

٤/ دوایین بابەت کە هاوڕێ سامان لە لیستی جیاوازییە قوڵەکانی خۆیدا هێناویەتی پەتای کۆرۆنایە. لەمبارەوە دەڵێت:

"لەمبارەوە حزب بەیانێکی فەرمی بلاو نەکردەوە کە تیایدا داوا لە جەماوەری ڕاپەڕیو بکات کە کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی خۆیان بهێنن لەبەر مەترسی بلاو بوونەوەی نەخۆشییەکە. لە ڕوانگەی منەوە مامەڵەی حزب لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا، مامەڵەیەکی تەواو پۆپۆلیستیانە بوو".

لەم خاڵەدا من تەئیدی هاوڕێ سامان دەکەم لەو بۆچوونەیدا کە دەبوایە مەکتەبی سیاسی حزبی عێراق لە کاتی خۆیدا لەبەر مەترسی توشبوون بە پەتاکە بەیاننامەیەکی لەو جۆرەی بدایە. کە دواتر ئەم کارە کرا. بەلام دوو مەسەلە زۆر سەیرە لەم خاڵەی هاوڕێ ساماندا؛ یەکەم هاوڕێ سامان هەر دوای وازهێنانی لە حزب بە پێچەوانەی هەڵوێستی خۆیەوە لە وتارێکدا کەوتە بانگەوازکردن بۆ "هاتنەدەرەوە لە ماڵ"، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی مانەوە لە ماڵدا قسەی بۆرژوازییە! دواتریش بە ناوی گروپە تازەکەیەوە نووسراوی "چینی کرێکار و کۆرۆنا"ی بلاو کردەوە، لێرەشدا شیعاری "لە ماڵ وەرنە دەرێ"ی لەژێر فشاری ڕەخنە لە وتارەکەی پێشووتری، لە باسەکە دەرکێشراوە و هیچ شتێکیش لەسەر هۆکاری وەلانانی ناڵێت! (بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونە خوێنەر دەتوانێ بۆ هەردوو ئەم وتارە بگەڕێتەوە). دووەم لە کاتێکدا کە هاوڕێ سامان ئەم بزووتنەوە ئیعترازییە بە "لوعبەی بۆرژوازی" دەزانێ و پێی وایە

"کۆمەڵیک شەبەح"ی لە پشتەوەیە ئیتر بۆچی ئەوەندە دەرکردنی بەیانی حزبی بۆ گرنگە تا بە خەڵک بڵێت برۆنەوە بۆ ماڵ؟ خۆ ئەگەر لوعبەی بۆرژوازی بێت ئەشباحی لە پشتەوە بێت بەیانی حزب هیچ رۆڵێکی نابێت، ئیتر بۆچی شتێک دەکات بە کێشە تا ئاستی هۆکارێک بۆ وازهێنان کە هیچ بایەخ و رۆڵێکی نەبێت؟!
ئەنجامگیرییەک ئەگەر لە هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە بگرم ئەوەیە:
یەکەم، بە دڵنیاییەوە ئێمە و هاورێ سامان لەسەر ئەو بابەتانەی کە ئەو لە نامەی ئیستقالەکەیدا ئاماژەی پێکردووە جیاوازیمان هەیە، بەڵام بۆچوون و سیاسەتێک کە ئەو لەم جیاوازییانەدا بەیانی کردووە، هەرگیز جێگایەکی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و خەباتی کرێکاراندا، وەک پێشرەوی سیاسی و فکری نەگرتووە، بەڵکو بەدوای خۆیدا ناڕوشنی و سەرەگێژەیی پەرە پێداوە و بە زیانی ئینسجامی سیاسی و فکری و رۆحییەتی دەخاڵەتگەرانە و بەرپرسیارانەی کۆمۆنیستەکان تەواو بووە. لە ڕاستیدا هاورێ سامان هەر جۆرێک هەوڵ بدات تا وازهێنانەکەی بە بەرگی "جیاوازی قوڵ" داپۆشێت، ناتوانێ هەوڵی ئینشیقاقگەرانەی ئەو لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا بشارێتەوە. ئەمەش خەتایەکە لە ئەستۆی و بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە.
دووەمیش، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە سەرباری هەموو ئەو جیاوازییانەی باسمان کرد، بەڵام هێشتا مانەوە لە حزبدا مومکین بوو، تەنانەت هیچ شتێک لە بوونی ئەم جۆرە جیاوازییانە لە ئەحزابی کۆمۆنیستیدا، کە پابەند بن بە سوننەتی کرێکاری و کۆمەڵایەتییەوە سادەتر نیە، هەرکەس ئەمە قبوڵ نەکات بە دڵنیاییەوە هیچکات ناتوانێ لە بازنەی مەحفەلێکی ئایدیۆلۆژی و فیرقەیەکی مەزهەبی دەرچێت.

## تێپەڕین لە کۆمۆنیزمی کرێکاری!

نامەی ئیستقالەکەی هاورێ سامان هەڵگری ڕاستییەکە کە نابێ بە فەرامۆشی بسپێرین، ئەو دەڵێت: "بیروڕا و تێگەیشتنە فکری و سیاسییەکانم ساڵ بە دوای ساڵ ئاڵوگۆڕی بەسەردا دەهات". ڕاستی ئەم قسەیەش ئەوەیە، کە هاورێ سامان لەسەر بنەمای بێبڕوایی بە حزب و نائومێدی لە کۆمۆنیزمی کرێکاری و تەجروبەیەک کە خۆی پێی دەڵێت "فەشەلی هێناوە"، ئەوی خستۆتە نێو پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی فکری و سیاسییەوە، یانی ئەو شتەی کە لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا، بە "تەجدید نەزەر" ناودەبرێ. پەنابردن بۆ موستەڵەحاتی وەک "کۆمۆنیزمی مارکس"، "حزبی مارکسی"، "مارکسیزمی موعاسیر"، "حزبی کۆمۆنیزمی مارکس" و خۆلادان لە بەکارهێنانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حیکمەت و تەنانەت ئاماژە نەکردن بە "لینین و لینینیزم"، لە نووسراوەکانی ئەم دواییانەی هاورێ ساماندا، نیشانەیەکە لەوەی کە ئەو لە دواوێستگەی "ئاڵوگۆڕە فکری و سیاسییەکان"دا، ئەوی بە تەجدید نەزەر و تەجاوز کردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری گەیاندووە. بێگومان ئیعادەی نەزەر و ڕاگۆڕین و دەست هەڵگرتن لە هەر باوەڕ و سیاسەتێک مافێکی سادەی هەر کەسێکە و هیچ ئیرادی نیە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و ڕەخنەیە ئەوەیە کە هاورێ سامان، هیچ کاتێک بە سەراحەت و ڕۆشنی ئەمەی بەیان نەکردووە و ئێستا دەیەوێت بە خشکەیی لێی دەرچێت. دیارە هاورێ سامان زۆر هەوڵیداوە جیاوازییەکانی خۆی لە ڕێگای بەکارهێنانی وشەی "قوڵ و قوڵتر و یەکجار قوڵ"ەوە لەسەر کۆمەڵە باسێکی وەک شەڕی موسڵ و ڕیفراندۆم وکۆبانی و... بە قوڵی نیشان بدات تا لێرەوە بەبێ دەنگی کۆمۆنیزمی کرێکاری تێپەڕێنێت، بەڵام هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە، چونکە "جیاوازی قوڵ" لەم بابەتانەوە دەست پێناکات، بەڵکو لەسەر چۆنیەتی ساغکردنەوەی ڤێرژنێکی کۆمۆنیزمەوە دەست پێدەکات کە ئەو بە "مارکسیزمی مەعاسیر" ناوی بردووە. ڤێرژنێک لە کۆمۆنیزم کە دیار نیە لە لینین و تەجروبەی شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە دەست پێدەکات، یان لە مارکس و سەدەی نۆزدەهەمەوە؟! لە هەردوو ئەم بارەدا، تێپەڕکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری کارێکی سادە نیە و دەبێ ئەو وەڵام بە دنیایەک ئاڵوگۆڕ و ڕووداوی گەورەی مێژوویی و مەسائیلی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی بداتەوە و ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی و مارکسیستی خۆی لەبەرامبەردا بخاتە ڕوو. لە یەک وتەدا دووبارە کردنەوە و سەدبارە کردنەوەی دەستەواژەی "کۆمۆنیزمی مارکس"، " کۆمۆنیزمی مەعاسیر" و شتی لەم جۆرە ئۆتۆماتیکی کەس ناگەیەنێ بە ڤێرژنێکی دیاریکراو لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم، بەتایبەتی ئەگەر کەسەکە مەسەلەی ساغکردنەوەی مەحفەلێکی مەبەست نەبێ و بە ویژدانێکی علمییەوە لە دەستکەوتەکانی جووڵانەوەی کۆمۆنیستی جیهانی بڕوانێ، کە کۆمۆنیزمی کرێکاری گۆشەیەکیەتی. بۆ هاورێ سامان سادە نیە لە "جیاوازییە قوڵەکان"ی ناوخۆی حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و تەنانەت جووڵانەوەکەشیانەوە ئەم دابڕانە بە شوێنێک بگەیەنێت، چونکە بۆ ئەو

تەجدید نەزەر و ساغکردنەوەی کۆمۆنیزمەکەی ڕووداو و مەسەلەکانی نزیک بە ١٥٠ ساڵ دوای مارکس و ١٠٠ ساڵ دوای لینین دێنێتە پێشەوە، بۆ ئەو وەڵامدانەوە بە هەزاران پرسیار و کۆبەندی کردن لە دەیان تەجروبەی کۆمۆنیستی و ئەنجامگیری لە ڕەگە فکری و سیاسییەکانی کۆمۆنیزم دێنێتە ئاراوە. بێگومان لە پەیوەند بەم ڕاستییانەوە هاوڕێ سامان مافی خۆیەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەلابنێ، بەڵام لە جێگەی ئەو مێژووەی کە مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری دروستی کردووە چی دادەنێت؟ ئایا بە دەستپێکی ١٢ تێز کە بەشی زۆریان لە بەرامبەر هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستاندا نووسراوە، ئەم ئەرکە توانای بەکردەوە دەرهێنانی هەیە؟!!! ئەمەیە جیاوازی قوڵی نێوان ئەو و ئێمە.
با ئەوەش وەبیر بهێنمەوە، کە کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنهەجەکەی، وەک ڕەگەیەکی فکری جیاوازی نێو جووڵانەوەی کۆمۆنیستی، لە پرۆسەی شکڵگرتنیدا تا ئێستاش، خۆی بە جۆرێک لە جۆرەکان هەڵگری خوێندنەوە و ڕوانگەیەکە بۆ مارکسیزم و کۆمۆنیزم، بەڵام ئەم کارە پرۆسەیەکی عەلەنی وسەریح و ڕاشکاوانەی یەک خەباتی سیاسی و فکرییە لە پەیوەند بە خەباتی چینایەتی و وەڵامدانەوە بە مەلزوماتەکانی شۆڕشی کرێکارییەوە، لە سەردەمێکی دیاریکراودا، نەک لە پەیوەند بە دابڕانە فەردی و گروهیەکانەوە لە حزبێکی دیاریکراودا، بەو جۆرەی کە بێبڕوایان بە عەینەکی ناکامی و "فەشەل"ەوە چاوی لێدەبڕن. هاوڕێ سامان هەروەک ئەوەی کە لە بێبڕوایی و فەشەلی تەجروبەی حزبێکەوە تەجدید نەزەر دەکات، ناتوانێ کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک فکرو تیۆری، لە تەجروبەی حزبەکانی جووڵانەوەکەی جیابکاتەوە. هەر بۆیە وا دەبینێ فەشەلی حزبەکان فەشەلی فکر و تیۆریەکانی پشت تەجروبە و حزبەکانیشە. لێرەشەوە وازهێنان و ئینشقاق کردن لە حزب، ئەو بە وازهێنان و تێپەڕین لە کۆمۆنیزمی کرێکاری دەگەیەنێت!! ئەمە لە کاتێکدایە کە بۆ هەر کۆمۆنیستێک ئەگەر کەمترین زانیاری لەسەر جووڵانەوەکەی هەبێت، لەوە تێدەگات کە تەجروبەی یەکیەتی کۆمۆنیستەکان و ئەنتەرناسیونالی یەکەم، بەبێ ئەوەی بە ئامانجی کۆتایی خۆیان بگەن، سەرنەکەوتن وهەڵوەشانەوە، بەڵام ئەوەش بە ئەنجام وەرناگرن کە ئەم ناکامی و سەرنەکەوتنەی ئەم تەجروبە تەشکیلاتیانە، بە مانای فەشەل و بنبەستی تیۆری زێدەبایی و ڕەخنەی مارکس لە کاپیتالیزم و چی و چی.. تر نیە!
بەداخەوە هاوڕێ سامان نابەرپرسانە بەرامبەر بە مەسەلەیەکی گەورە کە بنەمای فکری و سیاسی لانی کەم ٣٠ ساڵی خەباتی نەوەیەکی فراوان لە کۆمۆنیستەکانە، مامەڵە دەکات. ئەو هەقی خۆیەتی بەو ئەنجامە بگات کە ئیتر کۆمۆنیزمی کرێکاری بە کەڵک نەماوە و شکستی خواردووە، وەیان هەڵەیە، بەڵام نەدەبوو هەروا بە بێدەنگی و سادەیی لێی دەرچێت؟ ئایا نەدەکرا سەمیمانە لەگەڵ هاوڕێیانێکیدا کە ٣٠ ساڵە پێکەوە لەسەر ئەو مەنهەج و ڕێبازە هەموو فیداکارییەک دەکەن باس و جەدەلێکی سەریح و ڕۆشن بەڕێ بخات تا لە فەشەل و هەڵەکانی باوەڕەکانیان بەئاگایان بهێنێتەوە و لەپێناو ئامانجێکی دواتری هاوبەشدا ئەم تەجدید نەزەرەی خۆی بباتە پێشەوە؟ من نازانم هاوڕێیان کامیل ئەحمەد و عامر ڕەسوڵ چەندە شەریکی ئەم تەجدید نەرەرەی هاوڕێ سامانن و لە چ پرۆسەیەکی سیاسی و فکریدا گەیشتون بە هاوبەشێتی لەسەر تەجاوزکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەڵام دەمەوێت بزانم کە ئایا ڕەخنەکردن و تەجاوازکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و گەیشتن بە "مارکسیزمی مەعاسیر" بە گروهێکی لەم جۆرە لە واقیعدا مەیسەرە؟ وەزعەکە هەربەوەندە تەواو نابێت، بەڵکو دەبێ لەسەر دنیایەک لە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری "جیاوازی قوڵ"ی خۆی دەرخات و لە ڕوانگەی مارکسیزمە هاوچەرخەکەیەوە قسەی خۆی بکات. بە دڵنیاییەوە بەبێ ئەم کارە هەرجۆرە خۆ هەڵخستنێک بە عیباراتی وەک "کۆمۆنیزمی مارکس"، "حزبی مارکسی"، "مارکسیزمی مەعاسیر"، بێ سودە و هەر لاف لێدانیش بەوەی کە "ڕەخنە لە مێژوو بۆ بنیاتنانی مێژووە" جگە لە بلقێکی سەرئاو شتێکی تری لێ نامێنێتەوە.
ڕاستییەک هەیە کە دەمەوێت لێرەدا دانی پێدا بنێم ئەویش ئەوەیە کە تەجروبەی ئێمە وەکو حزبەکانی کۆمۆیزمی کرێکاری لەم قۆناغەدا ناکام ماوەتەوە و سەرکەوتوو نەبووە، ئەمەش وەک هەر جووڵانەوە و ئەحزابێکی واقعی کە مێژووی هەڵکشان و داکشان و سەرکەوتنیان هەیە. بۆ ئێمەش ئەم قۆناغە کۆتایی مێژوو نیە. هاوڕێ سامان ئەگەر لە بێبڕوایی و بێئومێدیی خۆیەوە بەم هەڵوێستەی ئێستای نەگەیشتایە، تەنانەت ئەگەر باوەڕی دەستبردن بۆ "مارکسیزمی هاوچەرخ" لەسەری داوە دەیتوانی لەگەڵ ئێمە بە هەر باس و ڕەخنە و پێشنیارێکەوە کە هەیەتی بمایەتەوە و پێکەوە شان بدەینە ژێر باری قورسایی ئەم ناکامییە و ڕاستکردنەوەی باری خواری جووڵانەوەکەمان. بەڵام بەداخەوە لەجیاتی ئەم ڕاشکاوی و مامەڵە بەرپرسانەیە، ئەو بە درکێکی لێڵ و ناڕۆشن و خامەوە، هەوڵیدا نابەرپرسانە ئینشقاقێک داسەپێنێ و حیسابی خۆی جیابکاتەوە و باری هاوڕێیانی "ئازیز و جێی ئیفتخار"ی خۆی قورستر بکا و

شانی خۆی لەژێر باری ئەو ناکامییانە دەرکێشێ. ئێستا ئەو خۆی بە قارەمان دەزانێ و هاوڕێکانیشی لە فەشەلدا چەقیون، ئەمە پەیامی دواوێستگەی ئەوە، بەڵام کوێی ڕەفاقەت و کوێی بەرپرسیارێتییە!؟

## دابڕانی کرێکار و کۆمۆنیزم

بێگومان دابڕانی کرێکار و کۆمۆنیزم یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم دەورەیەی کۆمۆنیزم و خەباتی چینی کرێکارە لەدژی سەرمایەداری. سەرەتا لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە ڕەوتی ئێمە ئەم کێشەیەی دەستنیشان کردووە، کەچی هاوڕێ سامان وەکو ئەوەی تازە ئەم گرفتەی دۆزیبێتەوە و کردویەتی بە هۆکاری سەرەکی وازهێنان و پەشیمان بوونەوەی لە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. لە کاتێکدا ئەم بابەتە بەر لە دامەزرانی حزب، لانیکەم لە کۆنگرەی دووەمی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بە ڕۆشنی لەلایەن مەنسور حیکمەتەوە تەرح کراوە و ئەوەشی ڕوونکردوەتەوە کە ئەم کێشەیە هەم گرفتێکی مێژووییە و هەم جیهانییە و نە بەحزبی ئێران و نە بە حزبی عێراق و کوردستان سنووردار دەبێتەوە. بە دڵنیاییەوە پێداگری لەسەر کرێکار و خۆبەستنەوە بە بزووتنەوەی کرێکارییەوە، تەنانەت هەوڵدان بۆ دروستکردنی شانەی کرێکاری و چوونە ناو کرێکارانەوە، کۆمەڵە کارێکی گرنگ و سەرەکی و هەمیشەیی و لەوەستان نەهاتووی کۆمۆنیزم و هەر حزبێکی کۆمۆنیستییە، بەڵام پڕکردنەوەی ئەم دابڕان و بۆشاییە کارێکی هەروا سادە نیە و بە تۆخکردنەوە و تەقدیس کردنی وشەی کرێکار و کارگەرگەرایی وەڵام وەرناگرێتەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوەدا پێشوازی لە هەر موناقەشە و جەدەلێک دەکەین بۆ تەرکیز و پێداگری لەسەر هەڵتەکاندنی ئەم کێشەیە، هاوکات وەڵامدانەوە بەم گرفتە و پڕکردنەوەی میانەی نێوان کۆمۆنیزم و کرێکار بەو جۆرەی هاوڕێ سامان باسی دەکات مەیسەر نابێت، واتە نە بە دروستکردنی دوو شانەی کرێکاری چارەسەر دەبێت و نە بە گروهە مارکسیستییە هاوچەرخەکەی ئەو. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا هێنانە پێشەوەی ئەم بابەتە وەک ئەوەی هاوڕێ سامان تازە کەشفی کردووە و کردویەتی بە هۆکارێک بۆ دەست شتنەوە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری و وازهێنان لە حزبەکانی، هەڵوێستێکی پێویست و دروستە؟ یان با بڵێین ئەگەر کێشەی هاوڕێ سامان ئەمەیە چ پێویستی دەکرد تا ئێستا دوای بخات؟! ئایا هاوڕێ سامان ئەوەی لەبەرچاو نیە و نازانێ تا ئێستا مەحفەل و گروپی تر هەر بەم پاساوەوە ئینشقاقیان بەسەر حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا داسەپاندووە و جیابوونەتەوە و دواتریش ماوەی دابڕانیان لە چینی کرێکار چەند بەرابەر بۆتەوە؟ ڕەزای موقدەم و "جەماعەتی مستەعفیون" ٢٢ساڵ پێش ئێستا هەر بەم پاساوە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران جیابوونەوە، بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی باشتر لەم پەیوەندەدا بەدەستەوە بدەن. سەرئەنجام ئەگەر هاوڕێ سامان، وەکو خۆی مارکس ئاسا دەڵێت: "کوێخایەتی بۆ چینی کرێکاری قبوڵ نیە" و پێی وایە کۆمۆنیستەکان بەبێ کرێکاران ناتوانن حزب دروست بکەن، ئەی کەواتە ئەو چۆن مافی بەخۆی داوە ئەم گروپە تازەیەی پێکبهێنێ؟! خۆ بیەوێ و نەیەوێ ئەوەی ئەویش دروستی کردوە لە کۆتاییدا جۆرێکە لە "حزبی مارکسی" کە هەر لە سەرەتاوە دوور و دابڕاوە لە کرێکاران و هیچ ڕەبتێکی بە جووڵانەوەی کرێکارییەوە نیە.
ئەو کاتێک لۆمەی تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەکا ودەڵێت:

> تەحەزوبی کۆمۆنیستی لە بواری پراکتیکدا، واتە پێکهێنانی حزب. لە ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، هیچ پەیوەندییەکی نیە، بە بزووتنەوەی کرێکاری و بەشی پێشرەوی ئەوەوە. حزب پێکدێت پاشان تیۆر و تێزەکانی "پەیوەندگرتن بە چینی کرێکار" و "گۆڕینی حزب بۆ حزبێکی کرێکاری" و "کرێکاری کردنەوەی حزب" دێتە پێشەوە. لە پێشەوە ڕابەرییەکەی دروست دەکات بێ ئاگاداربوونی بەشی پێشرەوی بزووتنەوەی کرێکاری. ئەمە تیۆری تەحزوبی چینایەتی کرێکار و شۆڕشی کرێکاری نیە، بەڵکو تەحزوبی ڕەوتێکی فکرییە، کە هەرگیز سیاسی نابێتەوە، وە ناتوانێت سیاسی بێتەوە، مەگەر لە پاشکۆی ڕووداوی هێزە سەرەکییەکانی بۆرژوازیدا. (هێڵی تەئکید هی منە)

با لەوە بگەڕێین کە هاوڕێ سامان چۆن بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەو ڕستانەی سەرەوەی بەناوی "تەحەزوبی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە" تەفیسر و بەکار بردووە، بەڵام وەرن با هەر بە پێوانەی ئەم بۆچوونانەی خۆی گروپەکەی خۆی بەراورد بکەین: ئەگەر "تەحەزوبی کۆمۆنیستی لە بواری پراکتیکدا"، "پەیوەندی بە بزووتنەوەی کرێکاری و بەشی پێشرەوی ئەوەوە هەیە"، کەوایە گروپی مارکسیزمی مەعاسیر، لە کوێی بزووتنەوەی کرێکار و بەشە پێشرەوەکەیدایە؟ بە چ پێوانەیەکی لۆکەلی، ناوچەیی جیهانی جێگاوڕێگای خۆی لەئاست بزووتنەوەی کرێکاری و بەشە پێشرەوەکەی

دیاری کردوە؟! پاشان گروپی مەعاسیر لەپێشەوە چی دەکات، ئایا مەشغوڵی ساغکردنەوەی تیۆری مارکسیزمی مەعاسیرە یان لەپێشدا دەچنە ناو کرێکارانەوە؟ یان هەردووکیان پێکەوە ئەنجام دەدەن؟! بەهەر بارێکدا بێت ئایا ئەمە بەمانای خۆ کرێکاری کردنەوە نیە؟ ئایا ئێوە لەپێشەوە ڕابەرایەتییەکتان دروست نەکردوە بەبێ ئاگادار بوونی بەشی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری و دواتر حزبی لێ پێکبهێنن!؟ کورتەی ئەم قسانە و کاری هاوڕێ سامان هەر ئەوەیە کە پێمان بڵێت بە ئیستقالەدان و پێکهێنانی مەحفەلێک و نووسینی ١٢ تێزەوە موشکیلەی دابڕانی کرێکار لە کۆمۆنیزمم چارەسەر کردووە!! بەداخەوە ئەمە تەنها کۆمەک دەکات بە لێڵ کردنی فەزای فکری و پەرەدان بە گومان و دردۆنگی و نائومێدی لەنێو کۆمۆنیستەکاندا. ئەو پەڕەکەشی بە دابڕینی کەسانێک لە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تەواو دەبێت کە خودی خۆی لەسەر "ناکرێکاری بوون" لێی جیابۆتەوە. بێگومان بەرنامەیەکی ئاوا نەک تەنها بەقەد سەرە دەرزییەک کۆمەک ناکات بە بردنە پێشەوەی ئەرکەکانمان لە ڕاستای شۆڕشی کرێکاریدا، بەڵکو بە ڕۆڵی خۆی کاریگەریی دەبێت لەسەر تێکدانی ئینسجام و فەزای فکری و سەختتر کردنی کاری کۆمۆنیستی!

من نازانم ئێستا هاوڕێ سامان بەرامبەر بەم قسانەی خۆی چی دەڵێت کە ڕووبەڕووی هاوڕێ موئەیەدی کردۆتەوە:

> مەسەلەی وازهێنان لە حزب و دەست لەکارکێشانەوە چ پەیوەندییەکی هەیە بە حزبی مارکسی کرێکارییەوە؟!! هاوڕێ موئەیەد ٦-٧ ساڵی دوایی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب بووە. لەم بارەوە چ کارێکی کردووە، یان پێشنیاری چی کردووە بۆ جێخستنی ئامانج و سیاسەتێکی ئاوها؟! لە ماوەی ئەم ٦-٧ ساڵەدا چەند ئەندام زیادی کردووە و چەند کادر پێگەیەندراوە وەک کادری مارکسستی ؟! هیچ. لە هەمانکاتدا هەر خۆی چەند ساڵێک بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندی حزب بوو، بەبێ هیچ دەخاڵەت و دەست تێوەردانێکی مەکتەبی سیاسی لە کارەکانیدا و بە سەلاحیەتی تەواوە. هاوڕێ موئەیەد لە ماوەی سکرتێر بوونیدا دەکرێت پێمان بڵێت کە حزبی چەند نزیک خستۆتەوە لە بزووتنەوەی کرێکاری و ڕابەرانی کرێکاری؟! تۆ بڵێی کەس بتوانێت دەستی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بگرێت؟!

ئەم قسانەی هاوڕێ سامان کە ڕۆژگارێک بە هاوڕێ موئەیەد ئەحمەدی وتووە، ئێستا ڕێک یەخەی خۆی دەگرێتەوە. ئەو خۆشی دەورەیەک سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حزب و دەورەیەک جێگری سکرتێر و هەموو کاتیش ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کۆتا پۆستیشی بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی حزب بووە. هەر لە کۆتا ماوەکانی کاری لەناو حزبدا، پێشنیاری بۆ کراوە کە ببێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی کرێکاری، بەڵام پێشنیارەکەی پەسەند نەکردووە. ئایا بەم حاڵەوە دەبێ ئەندامێکی حزب یەخەی کێ بگرێ کە بۆچی حزب خاوەنی "شانەیەکی کرێکاری" نیە؟!!

## ڕەخنە لە مێژوو یان پەشیمانی لەمێژوو!

هاوڕێ سامان بڕیاری وازهێنانەکەی ئاڵاندووە لە باسی مێژوویەکەوە کە هەموومان بە باش و خراپیەوە تێیدا بەشدارین. هەر وەکو چۆن هاوڕێ موئەیەد بۆ دامەزراندنی گروپە تازەکەی پێوسیت بوو مێژوویەکی نوێ دروست بکات و بگەڕێتەوە سەر مێژووی ڕەوتی کۆمۆنیست، هاوڕێ سامانیش بۆ دروستکردنی مێژوویەکی نوێ دەگەڕێتەوە سەر ڕێچکەیەکی فکری و ڕێکخراوەیی کە نزیکەی ٢٩ ساڵ پێش ئێستا لەسەری بوو. ئەویش "سەرنجی کرێکار"ە. لەم بارەوە جیاوازییەکە ئەوەیە هاوڕێ موئەیەد ڕاشکاوانە گەڕایەوە بۆ مێژوویەک کە ڕەوتی کۆمۆنیست تێیدا میحوەرە، بەڵام هاوڕێ سامان لەم کارەیدا ڕاشکاو نیە. هاوڕێ موئەیەد هیچ کاتێک ئەو بێزارییەی خۆی بەرامبەر بە توانەوەی "ڕەوتی کۆمۆنیست" لە پڕۆسەی پێکهاتنی حزبدا هەیبووە نەشاردۆتەوە، بەڵام هاوڕێ سامان هیچ کاتێک ڕەخنە و بێزاری لە پەیوەست بوونی "سەرنجی کرێکار" بە حزبەوە نەبووە.

ئێمە کاتی خۆی پێکەوە لەگەڵ هاوڕێ ساماندا، لە "سەرنجی کرێکار"دا بیرۆکەی ئەوەمان هەبوو کە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کاری خودی کرێکارانە و بە سەرنووسەری خۆی و بە بەشداری هەڵسووڕاوانێکی کرێکاری، بڵاوکراوەی "سەرنجی کرێکار"مان دەرکرد، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە کرێکاران ئامادە بکەین بۆ دامەزرانی حزبی خۆیان. واتە هەمان تێز کە ئێستا دەڵێت: "حزبێکی مارکسیستی شۆڕشگێڕ و جەسور و دامەزراو لەنێو بەشێک لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریدا".. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو "بەشە لە پێشڕەوان" کێن و بە ژمارە دەبێ چەند بن تا ئیقرار لەسەر پێکهاتنی ئەو حزبە مارکسییە شۆڕشگێڕە بدرێ؟ ئایا لە تەجروبەی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا، ئەو "بەشە لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری" ئامادە نەبووە؟ ئەگەر نا هاوڕێ سامان خۆی بە

کام بەش لە پێشڕەوان دەزانێ؟ بەداخەوە هاوڕێ سامان ئەو ڕاستییە لەبیر دەکات کە ماتریاڵە پێکهێنەرەکانی حزب، لە بەشێکی خۆیدا هەموو ئەو "هەڵسووڕاوە کرێکاری و بەشە پێشڕەوەی" لە خۆیدا کۆکردەوە کە لە دەوری سەرنجی کرێکار خۆیان ڕێکخستبوو. من نامەوێت لێرەدا بچمە ناو وەڵامدانەوە بەو گێژاو و ناڕۆشنییانەوە کە هاوڕێ سامان لەمەڕ "کرێکاری بوونەوە و تێزی پەیوەندگرتن" و"کۆمەڵگا یان کرێکار"، "ئاکسیۆن و شەقام"، "تەحەزوب و ڕێکخراو بوونی چینی کرێکار" تێیکەوتووە و چۆن ئەم مەفهومانەی لە دۆخی کۆنکرێتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەرکێشاوە. بەڵام دەمەوێت لەوە تەئکید بکەم کە کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حیکمەت لە خەباتێکی فکری و سیاسی دوورودرێژدا بە ڕۆشنی پەیوەندی نێوان "حزب و چین"، "تیۆر و پراکتیک"، "ئاکسیۆن و حەوزەکان"، "تەحەزوب و ڕێکخراو کردنی کرێکاری"، "حزب و کۆمەڵگا"، "حزب ودەسەڵاتی سیاسی" تا باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بۆچوونی کۆمۆنیستی و کرێکاری خۆی لەسەر ئەم بابەتە داوە بەدەستەوە. بەداخەوە هاوڕێ سامان داوێتی بەژێر هەموو ئەم دەستکەوتانەدا و بە فڕێدانی چەند ڕستە و عیباراتی گشتی و لەفزیەوە بازی بەسەرداداون. هەموو ئەمانەشی بۆ ئەوەیە ڕیوایەتێک لە کۆمۆنیزمێک بدات بە دەستەوە کە کرێکار تێیدا سنفە، موقەدەسە و تەقدیسی خۆبەخۆیی کرێکار سەرچاوە و بنەمایەکە بۆ پێکهاتنی حزبێکی تازەی کرێکاری و لێرەشەوە حوکمی ئەوە بەسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا بسەپێنێ کە بنەمای چینایەتی نیە و لە بۆشایی نێوان چینەکاندا دامەزراوە و ماوەتەوە!!

هاوڕێ سامان لەپێناو "بنیادنانی مێژوویەکی نوێ بۆ پێکهێنانی حزبێکی مارکسی" پێویستی بە دابڕانە لە مێژووی خۆی، تا وا نیشان بدات کە گروپی تازە لە مێژوویەکی تازەوە دەستپێدەکات! بەڵام من کە هاوبەشێتیم لەو مێژووەدا هەیە کاتێک ئاوڕ دەدەمەوە لەو مێژووە هاوبەشە و بڕگە سەرەکییەکانی کاری ڕێکخراوەیی خۆمان دێنمەوە بەرچاو، پرۆسەیەکی پەشیمان بوونەوە دەبینم تا ڕەخنەگری مێژوو. ئەگەریش لەمسەری پرۆسەی پەشیمان بوونەوەکەی هاوڕێ سامانەوە بەرەو ئەوسەری مێژووە هاوبەشەکەمان بڕۆین، ئەوا سەرەتا لەمڕۆوە بە پەشیمان بوونەوە لە دامەزراندنی حزب دەست پێدەکات، چونکە "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە سەرەتاوە لە پەیوەند بە کرێکارانەوە دانەمەزراوە"! لەمەش زیاتر ئێستا کە ئەو باوەڕی بە دامەزراندنی حزبێکی مارکسی تازە هەیە لەسەر بنەمای "بەشێک لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری" و لێرەشەوە گەڕاوەتەوە بۆ دیدگا فکرییەکانی "سەرنجی کرێکار"، ئەو ئەنجامە مەنتقییە دەگرم کە لە پەیوەستکردنی "سەرنجی کرێکار" بە حزبەوە پەشیمانە. هەنگاوێک ئەولاتر لەم مێژووە دەگەین بە بڕگەی "هەستەی کرێکارانی سۆشالیست"، لەگەڵ بڵاو بوونەوەی وتارێکی ئیرەجی ئازەرینی، کە لەسەر ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ٩١ نووسیبووی، "هەستە" قەیران گرتی و هەڵمان وەشاندەوە. لەم بارەوە هاوڕێ سامان لە جێگایەکدا خەتای ئەم هەڵوەشانەوەیە دەخاتە ئەستۆی پاسیف بوونی باسەکەی ئیرەج و لێرەشەوە هەم لە دامەزراندنی "هەستە" و هەم لە هەڵوەشاندنەوەکەی پەشیمان دەبێتەوە. ئەگەر لەمەش تێپەڕین و زیاتر بەرەو دوا بگەڕێینەوە، دەگەین بە "دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا" کە من و هاوڕێ سامان وهاوڕێیانێکی تر پێکەوە دامانمەزراند و دواتر هەڵمان وەشاندەوە، هاوڕێ سامان لە جێگایەکدا لە گێڕانەوەی ئەم مێژووەدا، دیسانەوە لە هەڵوەشاندنەوەی "دەستە" پەشیمان دەبێتەوە و دەشڵێت هەرگیز لەمبارەوە لەخۆی نابووری! بەم جۆرە دەبینین ڕەخنەو دابڕانی ئەو لە مێژووی خۆی، پەشیمان بوونەوەیە لە هەموو کاری ڕێکخراوەیی تا ئێستای خۆی، کەوایە دەتوانێت بەچی قانعمان بکات کە دوای چەند ساڵێکی تر لە کاری ئەمڕۆشی پەشیمان نابێتەوە؟

بێگومان ئێرە شوێنی لێکدانەوە و ئەنجامگیری نیە لە هەریەک لەو تەجروبانەی ئاماژەمان پێداوە، بەڵکو من وەک کەسێک کە لەو مێژووەدا زۆرینەی تەمەنی سیاسیم لەگەڵ هاوڕێ ساماندا بردۆتەسەر، دەمەوێت بڵێم کە من بە پێچەوانەی ئەوەوە لە هیچ یەک لەو تەجروبە ڕێکخراوەییانە پەشیمان نیم، چونکە ڕەخنەکردنی مێژوو بۆ ئێمە لەقاڵبدانێک نیە بەپێی لەفز و مەفاهیم و ئەحکامە فکرییە گشتییەکان و هەر شتێک لەگەڵیاندا نەیەتەوە لێی پەشیمان بین. ئێمە مێژوو بە ڕاستەهێڵێکی فکری خۆمان نازانین و کۆبەندیمان بۆ هەموو ئەو مێژووە و ئەو ڕێکخراو و قۆناغانەی پێیدا تێپەڕ بووین هەیە، لایەنی باش و خراپی هەڵدەسەنگێنین، بەڵام لە هیچی پەشیمان نین، بگرە شانازی پێوە دەکەین. هەمو ئەوانە پرۆسەی بلوغی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێمەیە و لە هەر سەردەمێکدا بە ئاستێک لە تێگەیشتن و بەو ئامرازانەی ئەوکات لە توانامان‌دا بوو بۆ بەرگری لە کۆمۆنیزم و مارکسیزم و چینی کرێکار دەستمان بۆ بردووە. تەنانەت ئەگەر چاوێک لە مێژووی جووڵانەوەکەمان بکەین لە سەردەمێکدا بە "سەهەند" و پاشان بە "ئیتحادی مبارزان" و دوای ئەوە بە "حزبی کۆمۆنیستی ئێران" و پاشان "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری"دا تێپەڕبووە،

بەڵام هیچ کات باسی پەشیمانی لە هیچ برگەیەکیدا نەکراوە، بە پێچەوانە هەموو ئەوانە وەکو کۆمەڵە هەنگاوێکی یەک پرۆسە لە بەرجەستە بوون و تەکاملی خەتێکی مارکسیستی چاوی لێکراوە. هەر قۆناغیک هەرچۆن هەڵگری خاڵی بەهێز و درەخشان بووە، بەهەمان شێوە لە خاڵی لاواز و هەڵەش بێبەری نەبووە. بۆ ئێمە ئێستاشی لەگەڵ بێت، بەردەوام خۆمان لەبەردەم کۆبەندی ئەم مێژووەدا دەبینین، بەڵام پەشیمان نین.

بێگومان ئەگەر دەرفەتی ئەوە ببوایە مێژوو بۆ دواوە بگێڕینەوە، ئەوا دەمانتوانی زۆر کار کە ئەنجامماندواە، ئەنجامی نەدەین و زۆرکاری تریش کە ئەنجامامان نەداوە دەکرا پێی هەستین. هەروەها دەکرا و مومکین بوو حزب و بزووتنەوەی ئێمە بە ئاڕاستەیەکی تردا بچێتە پێشەوە کە ئێستا لە مەوقعیەتێکی تردا بووینایە، بەڵام بۆ ئێمەیەک کە بە باوەڕێکی ئینسانی و کۆمۆنیستییەوە دەستمان داوەتە کارێک بە چیدا بزانین دوای ٢٧ ساڵ بەکوێ دەگات؟ بەداخەوە ئەو بۆچوونەی کە مێژووی ڕابردوو لە ڕوانگەی مەقولات و مەفاهیمە فکرییە دڵخوازەکانی خۆیەوە دەبینێ و پێی وایە ئەو چارەنووسەی کە ئێستا بەنسیبی حزبەکانی ئێمە بووە، ئەنجامێکی حەتمی و چارەهەڵنەگرە، ئەوا دەبێ حسابی خۆی بەشێوەیەکی زانستی و مارکسیانە لەگەڵ بنەما و چوارچێوە فکری و سیاسییەکان و تیۆری تەحەزوبی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە بەڵگەوە یەکلا بکاتەوە. ئەگەرنا بۆکەسێکی وەک هاوڕێ سامان کە مێژووی زیاتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردووی خۆی بە پەشیمانی ببینێت، هەرگیز ناتوانێ بەناوی ڕەخنەوە "مێژوویەکی تازە" بەبێ پەشیمانی بنیاد بنێت. من وەک هاوڕێیەکی کۆنی ئەو لەدڵەوە تەمەننا دەکەم کە هاوڕێ سامان تەمەنی درێژ و سەلامەت بێت، بەڵام کارەساتە تەمەنی ٤٠ ساڵ لە خەباتی خۆی و هاوڕێکانی بە پەشیمانی بسپێرێ و بە "ڕەخنە لە مێژوو بۆ بنیاتنانی مێژوو" ناوزەد بکات.

## وەک دوا وتە:

هاوڕێی ئازیز سامان کەریم ..

"وازهێنان لە حزب هیچ کەسێک بە عەرشی ئەعلا ناگەیەنێ"، هیچ کەس بە ئاڵوگۆڕکێ لە مەوقعییەتی چینایەتی ناگەیەنێ و هەروا بە سادەیی لە "فەشەلی" تەجروبەی حزبی ڕزگاری ناکات. وازهێنان لە حزب پاسپۆرتێک نیە بۆ گوێزانەوە لە حزبێکەوە کە لەسەر "لمی بیابان" ڕاوەستاوە بۆ "حزبێکی مارکسی" کە لەسەر "کۆنکرێت"ی کرێکار دامەزرابێت! تەنانات هیچ جیاوازییەک لە پێگەی کەسەکاندا دروست ناکات و ناتوانێ ناسنامەیەکی سیاسی تازە بەکەس ببەخشێ.

ببورە هاوڕیێ ئازیز ئەگەر بڵێم وازهێنان لە حزب، نە بۆ تۆ و نە بۆ کەسانێکی بەر لە تۆش، ڕێگای پێکهێنانی "حزبێکی تازەی مارکسی" نەبووە و نیە، من دڵنیام تۆ چانسی حزب دروستکردنت نەماوە، چونکە مەعلوم نیە ئەو بەشە لە "پێشڕەوانی چینی کرێکار" کێن و کەی و بە چ ژمارەیەک و چۆن ئامادە دەکەی؟

هاوڕێ سامانی ئازیز من بە تەواوی ڕێز بۆ بڕیاری وازهێنانت لە حزب دادەنێم، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە کردت وازهێنانێکی سادە نەبوو، بەڵکو یەک ئینتخابی سیاسی بوو کە بە زەرەری حزب و جووڵانەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریدا شکاوەتەوە. بەداخەوە تۆ لە پێشەوە هیچ ڕێگایەکت بە من نەدا وەک هەر کەسێکی تر منت لە دواهەڵویستی خۆت ئاگادارکردەوە، هەر بۆیەشە بە ناردنی نامەی ئیستقالەکەت، هەوڵم نەدا لەم بارەوە پەیوەندیت لەگەڵ بگرم و قسەت لەگەڵ بکەم. دیارە دەبێ ئەوەش بە مافی من بزانیت کە مەرج نیە لە ئاکامە زیانبارەکەی ئەم بڕیارە و ئەم ئینتخابە سیاسییە بێدەنگ بم، بە تایبەتی کاتێک بزانم بە زەرەری خۆت و جووڵانەوەیەک تەواو دەبێت کە تەواوی عومرمان تێدا سەرف کردووە. من ویستم بەم نووسینەم لە دیفاع لە حزب و کۆمۆنیزمی کرێکاری بڵێم ئەوی کردوتە و پاساوێکیش کە بۆت هێناوەتەوە، هیچ هەقانییەتێکی تێدا نیە و هیچ ڕۆشناییەک ناخاتە بەردەمی کۆمۆنیستەکان. حەز دەکەم ئەوەش بزانیت ئەم نووسینەی من هەرگیز بە مانای ئەوە نیە ڕێز دانەنێم بۆ بەها و جێگا و ڕێگای بەرزی هاوڕێیەکی وەک تۆ کە بەشداری لە مێژوویەکدا هەیە کە هەموومان تا ئێرەمان هێناوە، بەڵام هەقمە بڵێم بەرپرسیاری بەرامبەر بەوەی کە بەم شێوەیە خۆت و هاوڕێیانێکی ئازیزی وەک خۆت لە حزب دوور خستەوە...

خەسرەو سایە

٢٠٢٠/٥/٢

*- عینوانی بابەتەکە لە قسەیەکی مەنسور حکمەتەوە وەرگیراوە، لە وتاری "خواحافیز هاوڕێ"-